# ئەنفال وەک جینۆساید ... چەند سەرنجێک
# توێژینەوەیەکی قانونی

## شەفیقی حاجی خدر

### ١

زۆر لەو تاوانانەی لە میانەی جەنگەکانی ڕابردوو، ئەو جەنگانەی بەر لە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کراون و دەقاودەقتریتش بەر لەو جارڕدانی ڕێککەوتنامەی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید لە ١٩٤٨دا کراون، ئەوسا جەنگەکان چ ناوخۆیی بن یان نێودەوڵەتی بن، چوونەتە نێو سێکوچکەی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی وەک جینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، هەرچەندە گەر ناوە قانوونیەکەش بەو دەستەواژە هاوچەرخە، ئەوکات بەسەریاندا نەسەپابێ.

هەڵبەتە ئەمەش لەبەر ئەوە بووە، کە تا دۆزینەوەی ئەم دەستەواژەیە، واتە دەستەواژەی تاوانی جینۆساید لەسەر دەستی زماناس و قانووناس «ڕافائیل لیمکین ١٩٠٠-١٩٥٩»، کە جوویێکی پۆلۆنی بوو، نەناسراو بوو. ئەوکات تاوانەکان بە کۆمەڵکوژی، بە ڕەگەزکوژی و بە تاوانێکی بێ ناو دەناسران. کەچی «لیمکین» لەو کاتەی کە «سۆگهۆمۆن تەهلیریان» ئەرمەنی لە تۆڵەی قەتلعامکردنی ئەرمەنییەکانی تورکیا، «تەڵحەت پاشا»ی دایە بەردەستڕێژی گوللەی دەمانچەکەی و کوشتی، هەر خەریکی ئەوە بوو، لەجیاتی ئەوەی «تەهلیریان» کە تەنیا یەک کەسی کوشتووە، بە بکوژ بزانرێ و دادگایی بکرێ، بەڵکو «تەڵعەت پاشا» لەگەڵ دووانەکەی دیکە «ئەنوەر» و «جەمال» کە بە سێکوچکەی تورکیای لاو دەناسران، دادگایی بکرێن و لەسەر تاوانە بە کۆمەڵەکەی کوشتوبڕی ئەرمەنییەکان سزا بدرێن.

دوای ئەوەش، ئەو کێفەڕاتەی بەسەر ئەرمەنەکان هات، هەمان شتیش بەڵکو خراپتریش بەسەر جووەکانی ئەوروپادا هات، ئەوەبوو نازییەکان هۆلۆکۆستیان خوڵقاند.

ئەوکات هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاوانی کوشتنی بە کۆمەڵی لە چوارچێوەی خودی دەوڵەتەکەدا بە تاوان نەناسیبوو. بۆ ئەمەش بنەمای سەرداریێتی (سەروەری) دەوڵەت ڕێگری هەرە سەرەکی بوو. هەر خودی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیشەوە بە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، هەر لەسەر هەمان بنەمای پێشوو ڕۆیشت. بۆیە

ڕێکخراوەکەش لەم پرسەدا تا ڕاددەیەکی زۆر دەستەوەستان بوو، تا پێشینەکانی دادگای سەرانی نازی لە نۆرنبێرگ و هەوڵ و نووسینە قانوونییەکانی «لیمکین» و ئامادەکردنی پرۆژەیەک و دۆزینەوەی دەستەواژەی جینۆساد لە کتێبە شاکارەکەی لە ١٩٤٤ داهێنا، پاشان ئەوەبوو لە ١٩٤٨دا، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکە ئەو بڕوانامە گرنگەی سەبارەت بە ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید هێنایە پێشەوە، کە تەنیا لە ٩ ماددە پێکهاتبوو.

هەرچەندە هاتنە کایەی ئەم بڕوانامەیە بازدانێکی گرنگی مافناسیی (حقوقی) بوو لەم ڕووەوە و دواتریش دادگەی نێودەوڵەتی بەسەرداهات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا تاوانی جینۆساید و دوو تاوانە نێودەوڵەتییەکەی دیکە، تەکانێکی بەگوڕیان لە ڕێی دادگەیکردنەوە بەخۆیەوە نەبینی.

لێرەدا دیسان ئەو بنەما نێودەوڵەتییەی سەروو هاتە پێشەوە، بنەمای سەروەری وڵاتان و دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆ، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە دادگەی نێودەوڵەتی تەنیا کێشەکانی نێوان دوو دەوڵەتی چارەسەر دەکرد، ئەمەش دوای ئەوەی هەردوو دەوڵەتی ناکۆک لەسەری ڕێکدەکەوتن کێشەکە ببەنە بەردەم دادگەیەکە، بۆیە هەر زوو ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بەدیارکەوت، کە ئەم پرسەی مێژوو، شاهیدێکی زیندوو بوو بەتایبەتی هی ئەرمەنییەکان و هی جووەکانی ئەورووپا، بە ڕەنگێکی دیکە مایەوە. هەڵبەتە جەنگی سارد و شەڕی لەبریتی لەنێو هەردوو دەوڵەتە زلهێزەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و بلۆکەکانیان، بەرژەوەندی دەوڵەتان، هەڵقولان و دەرهێنانی شلە خاوەکە (نەوت) لە هەندێ لە وڵاتانی جیهانی سێدا، لەگەڵ بەرفرەوانکردنی هەژموونی دەوڵەتە زلهێزەکان و ڕێگەدان بە دیکتاتۆرەکانی وڵاتە خۆجێییەکان بە مەرجێک لە تەوەری ئەوان دەرنەچن. هەموو ئەم هۆیانە ڕێگربوون لەبەردەم ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی قانوونی بتوانێ، ئامانجی بڕوانامەی ڕێگرتن و سزادانی جینۆساید بەدیبێنێ.

هەر بۆیە هەر جووڵە و شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی لە دژی ستەم و زۆری نەتەوایەتی لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێیدا، بەجۆرێک ڕەتدەکرانەوە و سەرکوتدەکران، کە بۆنی تاوانی جینۆسایدیان لێدەهات؛ لەسەرێکی دیکەشەوە بڵاوبوونەوەی بیری شۆڤێنی نەتەوەپەرستی نەتەوە سەردەستەکان لەبۆتەی ئەو دەوڵەتە ستەمکارانەی جیهانی سێیدا، لەگەڵ ئەو ڕێکار و پێواژۆیانەی گرتبوویانە بەر بۆ سەرکوتکردنی هەر جووڵەیەکی نەتەوەی بن دەست، یان داخوازی کەمینە نەتەوەکان، وەها لێکدەدرایەوە کەوا هەڕەشەیەکی کوشندە و مەترسیدارە لەسەر چارەنووسی ستراتیژی نەتەوەی سەردەست، بۆیە کردەی قڕکردن، واتە تاوانی جینۆساید شتێک نەبوو سڵێلێبکرێتەوە، لەهەمان کاتیشدا هیچ بەربەستێکی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی دامەزراوەیی مافناسیی لەئارادا نەبوو، تا ببێتە بەربەست.

کاتێکیش هەر تۆژەرێک بێت و لەو مێژووە جەنجاڵکە خوێناوییەی ئەم وڵاتانە بکۆڵێتەوە، ئەوا سەرەداوەکان بە ڕوونی دەکەونە بەردەست. هەر هەمووشی بەو ئاقارەدا دەڕوا کە شکۆ و زاڵەتی دەوڵەتی ناوەند (مەرکەز)ی وەک شتێکی پیرۆز سەیرکراوە، ئینجا دەستەواژەی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ، یان پاراستنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتەکە، چەمکگەلی پیرۆز بوونە و بە هۆیەوە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکیان لەبەرانبەردا هەم ڕەتکردووەتەوە و هەم سەرکوتیش کردووە.

کاتێک بە گشتی ئەمە مێژووی دەوڵەتەکانی ناوچەکە بێ، هەروەها لەو کاتەی هەر خودی پێکهاتنی دەوڵەت، دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی، هێنانەکایەی قەوارەی سیاسی ئەو دەوڵەتانە، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان، یان ناوەڕاستی هەردوو جەنگەکە پێکهاتبێ، ئەوا توندوتیژی، زەبروزەنگ تاکە هۆکار بووە بۆ ئەوەی بەردەوامیی خۆیان بسەپێنن. هەڵبەتە قانوونی نێو دەوڵەتیش بە هێنانەکایەی ئەو ڕێسایانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردون، ڕەوایەتی بەردەوامبوونیان بۆ دەستبەرکردوون. بۆیە شەڕەکانی نێوخۆ، یان بەواتایەکی دیکە سەرکوتکردنی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی نەتەوە بندەست و کەمینەکان، تاوانەکانی جینۆساید و ئەوانی دیکەی لێکەوتۆتەوە. هەڵبەتە لێکەوتەی بەهێزی و بێهێزی دەوڵەتیش ئەو بگرەوبەردەیە، ئەو گوریسڕاکێشانەی نێو نەتەوەی سەردەست و بندەست بووە، بەمە هێڵە باریکەکانە هەمیشە پەڕینەوەی زەبروزەنگ بووە بۆ تاوانی جینۆساد و هاوتایەکانی دیکەی.

کاتێکیش لە خوێندنەوەی ئەو سەرەداوانەی سەروو دەبینەوە و لەو ناوەڕۆکەوە شۆڕدەبینەوە بۆ سەر مێژووی خۆمان، مێژووی کورد دوای ڕێککەوتنامەی سایکس-پیکۆ تا ڕاپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١، ئەوا وەک دەرچەیەکی زەق و حاشاهەڵنەگر تاوانی جینۆساید و تاونی جەنگ و دژە مرۆڤایەتی بە زەقی خۆی نواندووە. لەم ڕەوتەشدا کورد هەر لە نێو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی پێوەیلکاوە سەیرکراوە، لەم ڕوانگەشەوە، هەر بەوە سەیریان کردووە کە ئامراز و گوشاری لاوازکردنی دەوڵەتە هەبووەکە بێ، بۆ ئەوەی ناوەند بەپێی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە بەرانبەرەکە ڕەفتار بنوێنێ. بەڵگەش بۆ ئەمە چارەنووسی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکان بووە، کە هیچیان ئامانجی خۆیان بەدینەهێناوە.

خۆی لە ڕووی قانوونی نێودەوڵەتی ئەم دۆخەی لەبەر چاونەگرتنی پێشێلکردنی خودی باوەڕنامە نێودەوڵەتییەکە تا هاتنەکایەی دەستور(ستاتوت)ی ڕۆمای تاوانەکانی نێودەوڵەتی، کە سەرەتاکەی بۆ ساڵی ١٩٩٨ دەگەڕێتەوە دواتر لە ساڵی ٢٠٠٠دا فراژی بوو. ئیدی بەگوێرەی ئەم دەستورە بێ چوار تاوان بە تاوانی نێودەوڵەتی هەژمار کران و ڕێکاری وەهاشی بۆ گیرابەر، کە هەم ڕێ لە کردنی بگیرێ و هەم تاوانبارانیشی بە سزای ڕەوای خۆی بگەن. تاوانەکانیش تاوانی جینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانی دەستدرێژیکردن. کەچی لەبەر ئەوەی تا

ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر پێناسەیەکی قانوونی یەکانگیر بۆ پرسی تاوانی دەستریژی ڕێککنەکەوتوون، بۆیە دادگەیەکە و دەستورەکە بە شێوەیەکی کرداری هەر لەسەر سێ تاوانەکانی مایەوە، کە دەکرێ بگوترێ سێکوچکەی تاوانەکانی نێودەوڵەتین.

هەوڵدەدەین لە ئەڵقەی دووەمدا، ئەم باسی لەو سێ تاوانانە بکەین و پاشان لەڕوانگەی تاوانەکانەوە، ئەوەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە لە چوارچێوە دەوڵەتی عێراق شیکەینەوە. هەروەها پەردە لەسەر هەندێ لە بەدحاڵیبوون بۆ ناساندنی ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە، لەو زنجیرە تاوانانەی لەلایەن دەوڵەتی عێراق بە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ڕوونبکەینەوە. لەم مانگەی یادەوەرەی تاوانەکانی ئەنفالدا بتوانین بەرچاوڕوونییەکی قانوونی سیاسی گشتگیر بخەینە بەرچاوی خوێنەران.

## ٢

بێگومان بەر لەوەی هەر سێ تاوانی سامناک و قێزەونی جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی قانونی کە دادگا لە خۆبگرێ و بەدواداچوونی بۆ بکرێ لە ٢٠٠٠وە لە دەستوری ڕۆما جێی خۆی بگرێ و دواتریش بە کردەوە، لە چەند شوێنێک دادگای بۆ دابمەزرێ، بێ پێشینە نەبووە.

ئەم پێشینەیەش بۆ پەیماننامە یان ڕێککەوتننامەکانی لاهای ساڵەکانی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ دەگەڕێتەوە... تا بۆ بە دواداچوونی چەسپاندنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامانەش کە وەک ڕێککەتننامەی نێودەوڵەتی سەودای لەگەڵ کراوە و سەرچاوەیەکی و قانونی نێودەوڵەتیش بووە، زیاتر لە چوارچێوەیی تاوانەکانی جەنگ ماوەتەوە. هەڵبەتە دەگوترێ بنەمای سەروەری دەوڵەت و نەبوونی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کە خاوەن دادگا بێ، لەمپەرێکی سەرەکی بووە دەرهەق هەر هەنگاوێکی جدیی، کە لە چوارچێوەی دەسەڵات و هەژموونی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوسا دەرچووبێ. دوابەدوای ئەمەش جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەردا هات.

هەرچەندە ڕیکخراوێکی نێودەوڵەتی وەک کۆمەڵەی نەتەوەکانیش هەبوو، بەڵام لەبەر سەرهەڵدانی ملمانێی لەنێوان دوو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی (سۆشیالیستی- کۆمۆنیستی) و ڕۆژئاوایی (سەرمایەداری) و سیستمی دەنگدانی (کۆدەنگی) لە نێو ڕێکخراوەکەدا، ئیدی نەیتوانی هیچ کێشەیەکی نێوەدەوڵەتی بە تاوانەکانی جەنگ و کۆمەڵکوژی و دژە مرۆڤایەتیشەوە، کە لەنێوان

وڵاتاندا ڕوویاندا چارەسەربکا، بۆیە جەنگی دووەمیش هەڵگیرسا. دوابەدوای شکتی بەرەی نازییەکان، ئەوەبوو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی نوێ (نەتەوە یەکگرتووەکان) بە شێوازێکی کاریگەرتر هاتەکایە. ئەویش زنجیرەیەک پەیماننامە و بڕوانامەی نێودەوڵەتی دەرکرد، کە بواری تاوانەکانیشی دەگرتەوە وەک تاوانی جینۆساید.

قسەی لەسەر نییە، سزادانی سەرانی نازی و ژاپۆنی لە هەر دوو دادگای نۆرمبێرگ و دادگای ڕۆژهەلاتی دوور، هەروەها لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووش بەر لە هاتنە کایەی دادگای تاوەنەکانی نێودەوڵەتی وەک کەسێکی واتایی، هەردوو دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە یۆگسلافیا لە ۱۹۹۳ و هی ڕواندا لە ١٩٩٤ بوونە بەردی بناغە بۆ ئەوەی دواتر دەستوری ڕۆما و داگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لێبێتەبەرهەم.

خۆی ئەگەر ئەمە سەرهێڵە گشتییەکەی بارودۆخی نێو دەوڵەتی هەر سێ تاوانەکان بێ، ئەدی سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی ئەم پرسە لەسەر نەتەوەیەکی بندەستی وەک کورد چۆن بووە؟ ئایا بۆ کورد ئەم پرسە هیچی گەیاندووە؟ ئایا هیچ ڕووداوێکی لەم جۆرە کە بۆتە پێشینەیەکی قانوونی بۆ دادگاکردن؟ هەوڵ دەدەین لەم ئەڵقەیەدا چەند سەرەواوێک بۆ وەڵامدانەوەی بخەینەڕوو.

جارێ لە پێشەوە قسەی لەسەر نییە، ناواخنی هەموو تاوانە ناوبراوەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژو و دەرهەق بە کورد کراون، بەتایبەتیش لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوە (نەتەوە دەوڵەت) و دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ئێستا.

لێ گەلۆ، کاتێ هەندێک لەو تاوانانە و گوتاری سیاسی پاشان قانونی کورد (ئەگەر هەبێ!) بکۆڵینەوە، دەبینین، زیاتر ئەوەی پێناسە دەکرێ و باسی لێوە دەکرێ و لە بۆنە کوێرەوەرییەکاندا یاددەکرێتەوە زیاتر لە نێو جغری یەک تاوان دەسووڕێتەوە ئەویش تاوانی جینۆسایدە. بەدەگمەن، یان ئەگەر زۆر گشتگیر نەبینم ئەوا زۆر کەم وایە، سیاسی یان مافناسی(حقوقی) کورد باس لە هەردوو تاوانە هاوتاکەی دیکەی جینۆساید بکەن، کە تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتیین. هەوڵدەدەن ئەم بەدحاڵیبوونەش لە بەشی داهاتوو شیبکەینەوە.

زۆر جار لە وتاری سیاسییەکانمان، لە میدیادا، لەنێو ڕۆشنبیران و تەنانەت مامۆستایانی بواری قانون و دادگاشدا، کە باس لە و تاوانانەی سەر گەلی کورد دەکرێ یەکسەر، پەنجە بۆ تاوانە دیارییەکان وەک ئەنفال، بە هەردوو قۆناغەکەی، هی ۱۹۸۳ی بارزانییەکان و هەر هەشت شالاوە بەندناوەکەی هەشتا و هەشت، کیمیارانی هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکە دەکری... داواکراوە و داواش لە هەر شاندی دەوڵەتێکی بیانی دەکرێ ئەم تاوانانە بە جینۆساید بناسرێنێ... نموونەشیان بۆ ئەمە ناساندنی ئەمریکا و هەندێ لە وڵاتانی

ئەورووپییە بۆ تاوانی جینۆسایدی ئەرمەن ، کە تورکە عوسمانییەکان لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهاندا کردییان.

ئینجا ئەم تاوانە بەتایبەتی ئەنفال، لە ئاوەڵناوێکی شووم، کە لە ١٩٨٨ ڕژێمی سەدام دایە پاڵ ئەو هەشت شاڵاوە دڕندانەیەی خۆی و بە ئەنفال ناساندی، بووە پێناسەیەک بۆ هەر کوشت و بڕێک، بۆهەر تاوانێکی دیکە ، کە هەم سەر و هەم ماڵیش بگرێتەوە... لە ئەنجامیشدا دەگوترێ جینۆساید کراوە!

جارێ وەک بەرکولێکی ڕوونکردنەوە، لە قانونی نێودەوڵەتییدا، ئەوەی تاوانی جینۆساید لە ڕووی دادگاییکردنەوە لە هەردوو هاوتایەکانی خۆی تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی جیادەکاتەوە، پرسی نیاز، مراز، نیەت، مەبەست، ئامانج (with intention)ە، کە لێکەوتەکەی زۆر سەخت و کاریگەرە چونکە ئەم نیاز و ڕازە تایبەتمەندە و سەلماندنیشی شتێکی ئاسان و سەرڕێی نییە و هەموو دادگاییەکەش لەسەر چەقی ئەم بازنەیە دەسووڕێتەوە. کەچی لای ئێمە زۆر کەم لایی لەم پرسە جەوهەرییە دەکرێتەوە، بۆیە بووەتە مایەی شکستهێنان لەوەی دانپێدانانێکی فەرمی قانونیی بۆ جینۆساید بەدی بێ. دواتر ئەمەش بە وردی ڕوون دەکەینەوە.

کاتێکیش بێینەوە سەر کرۆکی ئەم ئەڵقەیە، پرسی مێژووی ناساندن و هاتنە کایەی لایەنی داگاییکردن، یان تاوتوێکردنی پرسی جینۆساید لە مێژووی سیاسی و قانونی ئێمەدا بوروژێنین، ئەوا ئەوەی بەرچاوە، ئاماژە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێ:

**یەکەم لەسەر ئاستی دەرەکی**: دادگای باڵای تاوانەکان لە هۆڵەندا لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٠٩دا دوا بڕیاری خۆی بە ١٥ ساڵ زیندانیکردن بۆ «فرانس ڤان ئانرات»ی بازرگانی چەکی کیمیاوی بۆ رژێمی سەدام حوسێن بڕیەوە، سەرەتا دادگا بە تاوانی جینۆساید تاوانباری کردبوو، پاشان پێناسەی تاوانەکە بۆ تاوانی جەنگ گۆڕا.

**دووەم لەسەر ئاستی ناوەخۆ**: دادگای تاوانەکانی باڵای عێراقی کە لە ٢٠٠٥ بۆ لێکۆڵینەوە لە هەرسێ تاوانە نێودەوڵەتییەکان ئەوانەی لە لایەن ڕژێمی بەعس لە ماوەی ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ تا ١ی ئایاری ٢٠٠٣ کردبوو، دەرچوو. ئیدی لە ژێر ئەم قانونە داگاییەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و بازانییەکان و فەیلییەکان ... هاتەکایە.

لێرەدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر سەبارەت بە لێکەوتە و بەرەنجامە گشتگیرییەکەی ئەم داگایانە هەیە، بەوەی دەرەقەتی لایەنی مافدارییەکەی نەتەوەی کورد وەک قوربانی تاوانەکان نەهات، ئاخر بە لەسێدارەدانی چەند کەسێکی تاوانبار کۆتایی بە شتەکە هات و عێراقیش وەک دەوڵەت نەچووە ژێر باری لێکەوتەکانی، چونکە بەگوێرەی ماددەی یەکەمی قانونەکە تەنیا کەسی سروشتی دەگرتەوە.

هەقە لێرەدا زاتی ئەوە بکەین، شتێکی دیکەش بوروژێنین، ئەم پرسیارە بکەین: ئایا هەر یەک لەو تاوانانەی {بە گوێرەی قانونە ناوبراوەکەش بێ} کە دەرهەق نەتەوەی بندەستی کورد لە نێو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق کراون، بە جینۆساید دابنرێ، یان هەوڵی ئەوەی بۆ بدرێ کە بە جینۆساید دابنرێ یان هەر هەمووی ئەڵقەکانی یەک زنجیرە پێکبهێنن، کە لە دەرهاویێشتەدا جینۆساید بێ، یان هەر دوو حاڵەتیان بە یەکەوە؟

ئەوەی تا ئێستا کراوە، یان لە باسی لێوە دەکرێ هەر لە چوارچێوەی پرسیاری یەکەمدا ماوەتەوە!

لێ گەلۆ، ئەگەر ئێمە بە دوای پرسە قووڵەکەدا بڕۆین، بە دوای بازنەی نیاز و مراز دا بڕۆین کە شتێکی بنەڕەتی سەلماندنی تاوانی جینۆسایدە، ئەگەر ئێمە لایەنی نەتەوەییمان وەک قوربانییەکەی ئەو هەشتا و ئەوەندەساڵەی دەوڵەی عێراق و پێوەلکاندنی کوردستانی باشوور لەبەرچاو بگرین، ئەگەر هاتوو ئێمە مەرامی درێژخایەنی دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەستە و بیری شۆڤێنێزمی و کۆنەپەرستی و تاکڕەهەند لەبەرچاو بگریتن، ئەگەر ئێمە ستراتیژییەکی ڕوونمان بۆ سەلماندن و بۆ بە ئەنجامگەیاندنی دادگای جینۆساید هەبێ، هەقە لە پەنا ئەو هەوڵانەی دراون، ئەو کردەوە قانونیانەی کراون، بێین و بڵێین کە ئەوەی دەرهەق کوری بەشە لکێنراوەکەی عێراق کراوە، هەر هیچ نەبێ بەگوێرەی خودی قانوەکە ناوبراوەکەی تاوانەکانی عێراقیش بێ، ئەوا بە نیازێکی تایبەت ڕژێمی پێشوو خەریکی ڕێخۆشکردن و کردنی تاوانی جینۆساید بووە، چونکە لە دەرچە و ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم زنجیرە تاوانە یەک لە دوای یەکانە، کە هەموویان بە ئاراستەی جێبەجێکردنی هەر پێنج بڕگەکانی ماددەی سێی پەیماننامەی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسایدە، کە هەر خۆیشی بووتە مادده شەشی دەستووری ڕۆمای دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی، تاوانەکانیش بە گوێرەی ڕیزبەندی ئەمانەی خوارەوەن:

1. بۆردومانکردنی شار و گوندەکان لە ساڵی ١٩٧٤ تا هەرەس لە ٢٠ی ئازاری ١٩٧٤.
2. سیاسەتی پیادەکردنی چۆڵکردنی ٣٠ کیلۆمەتر سنووری کوردستانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا، کە بە ڕاگوازتنی ٤٥٠٠ شار و گوند و ئاوایی کۆتاییپێهات و ئۆردوگا زۆرەملێیکان پەستێنران.
3. پرسی عایدونەکان(العائدون) دوای هەرەسی شۆڕش و نەفیکردنیان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق.
4. سیاسەتی تەعریبکردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەتایبەتیش گەرمیان و کەرکوک و دەوروبەری.
5. بێسەروشوێنکردنی زیاتر لە ١٥.٠٠٠ فەیلی.

6. بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان لە ١٩٨٣.
7. کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، گۆپتەپە، عەسکەر، بالیسان و شیخوەسانان و شوێنەکانی دیکە.
8. هەر هەشت شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال لە ١٩٨٨.
9. سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ئازاری ١٩٩١ و کۆڕەوەکە.

## ٣

لە بەشی دووەمدا و بە گوێرەی قانونی دادگای تاوانی باڵای عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بێ، زۆر لەو تاوانانەی کە ڕژێمی بەعس دەرحەق گەلی کورد کردبوون، دەچنە نێو لیستی ناو سێکوچکەی تاوانە مەزنەکانی نێودەوڵەتی، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتەگۆڕێ: ئەرێ گەلۆ ئەو تاوانانەی پێش ئەو مێژووە، واتە پێش ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ کراون، دەچنە نێو کامە قاڵبی قانونی؟ یان بە واتایەکی دیکە ئایا پێناسەی ناوبراو بۆ تاوانی جینۆساید و هەر دوو تاوانە مەزنەکانی دیکە لە تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی بەسەر کردە پێشلکارییەکانی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق پەیڕەودەبێ؟

ئەوەی ڕاستیەکی تاڵ و حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە، هەر لەوەتەی قەوارەیەکی سیاسی لە ١٩٢١ بە ناوی دەوڵەتی عێراق پەیدابوو، ئەویش بە خواستنەوەوی یەکێک لە کوڕەکانی «حسێن عەلی» شەریفی مەککە و بە لەیەکدانی هەر سێ ویلایەتی بەسرا، بەغدا و موسڵی بن دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە دوای بردنەوەی جەنگی یەکەمی جیهان و دواتر بە ڕێککەوتنامەی ١٩٢٦ و دانانی هێڵی بروکسل وەک سنوور بۆ دەوڵەتە تازە لەدایکبووەکە، لەگەڵیدا زەبر و زەنگ، هێزی چەکداری برەوی پەیدابوو، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لەیەکدان و بەیەکەوەلکاندنی ئەو سێ ویلایەتە، لە سەر خاکێک کە شلە بۆگەنەکە (نەوت)ی لێهەڵقولا، هەم بەردەوامبێ و هەم مسۆگەریشی بکا. ئەوە بوو زیاتر لە ٨٠ ساڵی خایاند تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێ بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕایدەکێشی. ڕەوتی ئەم ڕێڕەوە مێژووەش لە ئاکامی بەکارهێنانی زەبر و زەنگدا تاوان، تاوانی گەورە و ترسناکیش ڕەفتاری توێژی دەسەڵاتدارنی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو دەسەڵاتە بووە.

ئەوەی ئاشکرایە هەر لەگەڵ دروستبوونی ئەو دەوڵەتە، بیر لە پێکهێنانی یەکەی سەربازی و پاشان سوپای تەواو کرایەوە، یەکەمین فەوجیش لەژێر ناوێکی دینییەوە بە پێچەوانەوەی مەرجەکانی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ پێوەلکاندنی موسڵ کەوتەگەڕ، تا ئەنجام بە ئەنفالەکان شکایەوە.

هەرچۆنێک بێ ئەو قۆناغە مێژووییە لە ڕووی پێناسەکردنی بەگوێرەی قانونی سزادان و تاوەنەکانەوە، ئەرکێکی جێهێڵراوە، دەکەوێتە سەر شانی پسپۆڕانی ئەم بوارە. هەر بۆیە لێرەدا ئەنجامگیرییەک خۆی دەهێنێتەپێشەوە، بەوەی لە ڕوانگەی بەکەم سەیرکردنی ئەم ڕەوشە، لە جمۆجۆڵی سیاسییماندا، کە ئەنجامەکەی هەر شکست بووە، بەشی شێریشی بۆ بەهەندهەڵنەگرتنی لایەنی قانونی و مافداریی نەتەوەکەمان دەگەڕێتەوە.

ئەوەی گرنگ لێرەدا بێ ئاماژەکردنە بە قۆناغێکی زۆر گرنگ، کە نەوەک هەر ئاماژەیە بەڵکو خۆی کرۆکی حاڵەتێکی زۆر گرنگە چ لە ڕووی قانونی، نەخاسمە لە ڕووی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و تاوانە مەزنەکان، هەڵبەتە لە ڕووی سیاسییشەوە، کە بەپێ پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەروە.

لەم وتارەدا بۆ شرۆڤەکردنی ئەم بابەتە، پەنامان بۆ دوو سەرچاوە بردووە:

**یەکەمیان**: دکتۆرانامەیەکی (بریان ڕۆبەرت گیبسن)ە بە ناوی (سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا، عێراق، کورد و جەنگی سارد لە ١٤ تەممموزی ١٩٦٨ تا ٢٠ی ئازاری ١٩٦٧) کە خۆشبەختانە زۆری نەماوە وەرگێڕانە کوردییەکەی بکەوێتە نێو کتێبخانەی کوردی.

**دووەمیش**: بەڵگەنامەیەکی گرنگی ساڵی (١٩٦٣)ە سەبارەت بە هەڵوێستی ئەوکاتی دەوڵەتی «مەنگۆلیا» لە ئاست تاوانەکانی عێراق کە لە دووتوێی چاوپێکەوتنی چالاکوانی دیاری بواری ناساندنی جینۆسایدی کورد کاک «عەلی مەحموود» لەگەڵ مامۆستا «ئەمیری حەسەنپوور»دا کراوە.

ئاشکرایە دوای ڕوخاندنی حوکمی پاشایەتی لە عێراق، هەر چەند ساڵ جارێک کودەتایەکی خوێناوی بەدوادا هاتووە، جاری وەهاش بوو لە ساڵێکدا دوو کودەتا کراون، خوێناویترینیشیان کودەتای یەکەمی بەعسییەکان بوو لە ١٩٦٣، کە دەستەواژەی (حەرەس قەومی) بەسە بۆ ئەوەی هەموو کردە تاوانکارییە قێزەونەکان ڕوونبکاتەوە.

ئەم قۆناغە بە هاتنی کودەتا یەک لەوای یەکەکان، لە دوو ڕوانگەوە زۆر گرنگ بووە:

**یەکەمیان:** لە ڕوانگەی دەوڵەتەکانی هەرێم و نێودەوڵەتییەوە. دەقاو دەق لەچاوی هەر دوو سەرجەمسەرەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتەوە، ئەمەش بۆ جۆشدان و بردنەوەی گەمەی جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و هەرێمی کەنداوی فارس بەتایبەتی.

**دووەمیان**: لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نەتەوەیی: ئەوە بوو (حەرەس قەومی)یەکان دەستیان لە هیچ تاوانکاری و خوێنڕێژی نەپاراست. ئەوان بەدەر لەوەی دەسەڵاتی خۆیان

بسەپێنن، ویستیان لەژێر پەردەی نەتەوەپەرستی سەردەستەوە نەتەوە و کەمینەکانی دیکە بسڕنەوە، بۆیە لە ئەنجامدا ئەوەی کردیان دەچووە چوارچێوەی ناسنامەی تاوانی جینۆساید و تاوانی دژە مرۆڤایەتی هاوتای. هەر ئەم بیرە شۆڤینییەش بوو وای لە دەوڵەتە دیکتاتۆرە هاوەدیدەکان کرد، بۆ سەرکوتکردنی کورد یارمەتی یەکدی بدەن. ئاخر هەر لەسەردەمی ئەو قۆناغە پڕکێشەوبێشەیەی بەعسییەکان بوو، ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان باسی ئەوەیان کرد، سووریا نزیکەی پێنج هەزار سەربازی بۆ یارمەتی عێراق ناردووتە شەڕی دژ بە کورد.

ئەوەی جێی سەرەنجیشە کاتێک دەوڵەتی «مەنگۆلیا» لەسەر زاری وەزیری کاروباری دەرەوەی خۆی لە ٢٠ی حوزەیرانی دا و١٩٦٣ بە فیتی (یەکێتیی شۆرەوی) لە نامەیەک بۆ دانیشتنی هەژدەهەمی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان وەک سکاڵایەک لە دژی حکومەتی بەعسی ئەوسای عێراق بەرزدەکاتەوە، جینۆساید دەکاتە هۆکاری نامەکە و ڕەفتاری ڕژێم دەرهەق بە گەلی کورد بە جێبەجێکردنی (سیاسەتی جینۆساید) وێنادەکا.

هەڵمەتی دیپلۆماسی یەکێتیی سۆڤیەت دژی عێراق لە سەرەتای تەممووزی ١٩٦٣دا گەیشتە لووتکە، ئەویش ئەو کاتەی مەنگۆلیای هاوپەیمانی خۆی قەناعەت پێهێنا لە کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بابەتێک لەسەر حکوومەتی عێراق بجولێنێ بەوەی کەوتۆتە شەڕێکی جینۆسایدانە لە دژی کورد. لەو کاتەی ئەو داوایەی مەنگۆلییەکان هەرایەکی گەورەی نایەوە، کەچی شتەکە تەنیا سەرەتایەک بوو. لە نۆی ئەیلوولدا مۆسکۆ لێدوانێکی لە دژی ڕێکخراوی «سەنتۆ» کە جێگرەوەی پەیماننامەی بەغدا بوو دا، بەوەی تاوانبارکرد گوایە "ڕێکاری هاوبەشانەیان" لە دژی کورد گرتۆتەبەر. بەگوێرەی سی ئای ئەی، ئەم لێدوانە بۆئەوە داڕێژرابوو تا ئەو لێدوانەی بەغدا بە تەواوی ڕەتبکاتەوە، کاتێ گوتی کێشەی کورد پرسێکی تەواو ناوخۆییە و بۆ ئەوە بوو بنەمایەک بۆ داخوازییەکی نەتەوە یەکگرتوەکان یان کردەی نێودەوڵەتی دیکەی سەبارەت بە دۆزەکە بێتەپیشەوە. بە کورتی سۆڤیەتییەکان هەوڵیاندا شەڕی کورد بەنێودەوڵەتی بکەن و تەواو ڕایبکێشنە نێو نەخشەی جەنگی سارد. بۆ ڕۆژی پاشتر، نێردەی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەوەیان ڕاگەیاند، کە شتەکەیان بەهەندهەڵدەگرن و بەتەمان دۆزەکە ببەنە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش. ئینجا لەوەش زیاتر، پێشنیازی سۆڤیەتییەکان ئەوەبوو، پرسی جینۆسایدکردن وەک سکاڵایەک لە دژی عێراق ببەنە بەردەم کۆمیتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (ECOSOC). لە کۆتاییشدا و لە ١١ی تەممووزدا سۆڤیەتییەکان نامەیەکیان بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش نووسی و داوایان لێکرد ئاگاداری ڕەوشێکی ترسناک بێ، کە وەک دەرکەوتەیەک بەهۆی ڕووداوەکانی باکووری عێراق و بەهۆی دەستوردانی دەوڵەتەکان ئۆپەراسیۆنێک لە لایەن دەسەڵاتی عێراقییەوە لە دژی گەلی کورد هاتۆتەئارا. بۆ یەکەمین جاریش

بوو ڕەوشی کوێرەوەری کوردان گەیشتە باڵاترین ئاستی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەمریکا لایەنگری ئەوان نەبوو.

لە ناوەڕاستی ئەیلوولدا هەڵمەتی توندی دیپلۆسیەتی سۆڤیەتی لەدژی عێراق پووچەڵبووەوە. بەهۆی دژوەستانەوەی دەوڵەتانی عەرەبەوە، یەکێتیی سۆڤیەت فەرمانی بە نێردەی «مەنگۆلیا» کرد، پرسی جینۆسایدکردنی کورد لە ئەجێندای ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەمی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسڕێتەوە. ئەمەش بووە دەرگەکرانەوە لەسەر ئەوەی ئاخۆ بۆچی سۆڤیەتییەکان ڕێگەیاندا پرسەکە لە نێو ئەجێنداکەدا بسڕێتەوە. یەک ڕوونکردنەوە بەگوێرەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تامیز، ئەوەبوو، کە مەنگۆلییەکان پشتگیریەکی شایستەیان دەرهەق بە دۆزەکە لێنەکرا. وەزارەتی دەرەوەش ڕوونکردنەوەیەکی جێگرەوەی هەبوو، بەوەی سۆڤیەتییەکان فەرمانیان بە مەنگۆلیا کرد داواکەی بکێشێتەوە، ئەمەش لە بەرانبەر نیشاندانی نیازپاکی بوو لە هەمبەر ڕژێمی عێراق، بەو هیوایەی ئەم کردەیە ڕێخۆشکەربێ بۆ لەیەکنزیبوونەوەی سیاسییان. هەرچۆنێک بێ کێشانەوەی سکاڵای پرسی جینۆساید بۆ ڕژێمی بەعس سەرکەوتنێکی هەرە پێویستی سیاسیی بوو.

## ٤

ئەوەی ڕاستیی بێ، لەوەتەی ئادەمیزاد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، لەسەر زەوی پەنای بردۆتە بەر شەڕوشۆڕ یان پێیوابووە بەم شێوەیە چارەسەر دەبێ، تاوانەکانی شەڕ (جەنگ)یشی لەگەڵدا هاتووە.

هەڵبەتە ئەم ڕێسایە بۆ بازنەی ناوخۆییبوون دروستە، واتە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی ناسنامەی خۆی هەیە و ناسنامەکەشی لەسەر چەند توخمێک بەندە، کە بە دینگەکانی کۆمەڵگەکە دادەنرێ، ئیدی هەر لە خێڵ و هۆز و شارەدەوڵەت و دواتر نەتەوە و پاشان دینی فرەنەتەوە و تا ژیانی سەردەمی ئێستامان، کە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی جوگرافیا، لە ئەوانی دیکەی جیادەکرێتەوە و کە قەوارەیەکی هەیە ئەوسا چ سەربەخۆ بێ یان نیمچە سەربەخۆ، ئیدی هەر تا ئەو مرۆڤەی لە ڕێی ئەو قەوارەیەی کە بۆی دیاریکراوە یان بۆ خۆی دیاریکردەوە، کارلێککەر دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دیکە (قەوارە، دەوڵەت، نەتەوەیەکی دیکە)، کە بەم شێوەیە بازنە ناوخۆییەکەی دەبەزێنێ و ئاوەڵناوی نێو نەتەوەیی یا نێودەوڵەتی بەسەردادەبڕێ. ئیدی شەڕەکان لە هەر دوو بازنەکەدا، بازنەی ناوەخۆ (بازنەی بەرتەسک، بازنەی نیشتمانی) لە گەڵ بازنەی دەرەکی (بازنەی بەرفرەوان، بازنەی نێونەتەوەیی، یان نێودەوڵەتیدا کۆمەڵێ تاوانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، کە بە تاوانەکانی شەڕ (جەنگ) ناسراون. لەم ناسینەوەشدا، یان وردتر بڵێین لەم پێناسەیەدا، خاسیەتەکان دیار و ئاشکران و چەمک و دەستەواژەی لەگەڵدا بەکار هاتووە.

کاتێکیش باس لە جەنگی دوو دەوڵەت یان زیاتر لەگەڵ یەک دەکرێ و بە جەنگی هەرێمی یان وێوەتر بە جەنگی نێودەوڵەتی دەناسرێ، وەک لاپەڕەی کتێبەکانی مێژووش باسیان کردووە، وێنای ئەو ڕەفتارە دژە مرۆڤانەیان کردووە، کە لە بۆتەی جەنگەکەدا ڕوودەدەن تاوان، لە تاوانیش تاوانی نێودەوڵەتی هەڵدەگرن. هەڵبەتە ئەم ناولێنانەش سیفەتی سنووربەزاندنی چەمکی سەروەری (سەرداریێتی) دەوڵەتیان لەبەرچاوگرتووە. ئەم تاوانەنەش تاوانی چەتەگەری، بەتایبەتیش چەتەگەریی دەریایی، تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ واتە بازرگانی کۆیلایەتی و تاوانی ئاودیوکردن و بە قاچاخبردنی ژن و منداڵ، لەگەڵ تاوانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر، تاوانی ڕفاندن و تیرۆریزم و سپیکردنەوەی پارە.

له مێژووی قانونی نێودەوڵەتیدا ئەم تاوانانە بوونە مەترسی لەسەر سەرداریێتی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت، بۆیە دەوڵەتان، بەتایبەتی زلهێزەکان بۆ ئەوەی لە شکۆی دەسەڵاتییان نەدرێ و بتوانن لەژێر ئەم چەمکەی پاراستنی سەروەرییدا، درێژە بە سەربەخۆیی خۆیان بدەن، ئەوە بوو هەر زوو تەکانی ئەوەیان دا بەڵکو شتێکی بە کۆمەڵ لە دژدا بکەن، بەمە کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە و پەیماننامەیان لەنێوان خۆیان یان لە ڕێی ڕێکخراوە هەرێمی و نێوەدەوڵەتیەکان سازدا، هەر بۆیە بە ڕێکەوتننامەی تاوانەکان ناسراوە. نموونەش زۆرە و تەنانەت خودی ڕەشنووسی دەستوری ڕۆماش بۆ دامەزراندنی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان هەر بەو ناوە باسی کردبوو.

کەچی دەستووری ڕۆما کە دێت و دامەزراوەیەکی دادوەری بۆ دادەمەزرێنێ و لە دوایساڵی (٢٠٠٠)ەوە دەبێتە وەرچەرخانێکی هەرە گرنگ و چارەنووسساز لە ڕووی مافداری(حقوقییەوە)، تاوانی نێونەتەوەیی دیکە دەکاتە سەرمەشق و بە نێودەوڵەتی دەیانناسێنێ، کە وەک لە بەشەکانی پێشتری ئەم وتارەدا ناویان هاتووە، ئەوانیش ١- جینۆساید ٢- تاوانەنەکانی دژە مرۆڤایەتی٣-تاوانەکانی جەنگ ٤- دەستدرێژییە.

لێرەدا پرسیارێک زۆر ڕەوایە بکرێ، بەوەی ئاخۆ بۆچی هەر ئەو چوار تاوانانە؟ تۆبڵێی هەر ئەو تاوانە ناوبراوانە سنووری دەوڵەتی خۆجێیان بەزاندبێ و نێودەوڵەتی بن؟ یان دژوارترینیانن؟

بەرسڤەکەش خۆی لە ماددەی (٥) دەستوری ڕۆما بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەبینێتەوە، بەوەی لەبەر ئەوەی هەر بەڕاستی تاوانەکان نێودەڵەتیترن و ئینجا لەبەر سروشتە سامناکەکەیش بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

دەقی ماددەکە کە بەناونیشانی ئەو تاوانانەی کە دەسەڵاتی دادگاکە دەیانگرێتەوە بەم شێوەیە: "١- دەسەڵاتی دادگا سنووردارە بە جدیترین(دژوارترین) تاوانەکان بەوەی سەرتاپای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگرێتەوە. بەگوێرەی دەستوورەکە دادگا ئەم تاوانانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ئا: تاوانی جینۆساید؛

ب: تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی؛

پ: تاوانەکانی جەنگ؛

ج: تاوانی دەستدرێژی (دوژمنکاری).

٢- دادگا ئەو کاتە دەسەڵاتی دادوەری بەسەر تاوانی دەستدرێژیدا دەشکێ کاتێ بە یەک جار بەگوێرەی ماددەکانی ١٢١ و ١٢٣ پێناسە بکرێ و مەرجەکانی دادەندرێ بەوەی دەسەڵاتی دادوەریکردنەکەی ئەم تاوانە دیارییکرێ. ئەم بەردەستخستنەش دەبێ بە گوێرەی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ."

جێی ئاماژەپێکردنە، وەک لەبەشەکانی دیکەشدا ڕاشکاوانە باسکراوە، بەندی دووەمی ئەم ماددەیە باس ناکەین، چونکە هێشتا نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نە دادگا خۆیشی بە کردەوە لەسەر ڕێکار و وردەکارییەکانی ڕێککەوتووە و نە پێشینەیەکی دادوەرانەشی لە دووتوێی دەستووری ڕۆمادا هەیە. ئەم باسە زیاتر جێی مشتومڕی تیۆرییانەی قانونییە و جێگەی باسی ئێمە نییە. بۆیە ئێمە لە بابەتەکەماندا زیاتر تیشک دەخەینە سەر هەر سێ تاوانە نێودەوڵەتییە سامناکە ناوهاتووەکانی نێو ماددەکە.

هەقە هەر لێرەدا ئاماژەش بەوە بکەین کەوا دەستووری ڕۆمای دادگاکە بەدەر لەوەی لە ١٢٨ ماددە پێکهاتووە، بۆ ڕاڤەکردنی مادەکانیشی پاشکۆیەکی ٢٢٥ ماددەی لەگەڵدایە، کە بە توخمەکان(ڕەگەزەکان)ی تاوانەکان ناسراوە. بۆیە لە باسکردنی تاوانەکاندا دەبێ هەردوو لایەنەکە، هەم دەقی ماددەکە (مەتنەکە) هەم ڕاڤەکەشی لەبەرچاوبگرین، دەنا لێتێگەیشتنەکەمان شاشی تێدەکەوێ.

ئەم سێ تاوانانە کە ماددەکانی ٦ و ٧و ٨ی دەستوری دادگای بۆ تەرخانکراوە، بە تاوانی تاوانەکان و دایکی تاوانەکان و تاوانی دژی ئاشتی وێناکراون. لەوانەیە ڕیزبەندییەکەش بێ هۆ نەبێ. هەرچەندە لە پێناسەی دەوڵەتی بوون و سامناکییدا هاوبەشن، بەڵام لەسەلماندن و هەبوونی توخمی (مەبەست) وەک لە قانونی سزاداندا هاتووە جیاوازن، دواتر ڕووندەکرێتەوە.

لێرەدا کاتێک سەیری ماددەی پێنجەم و پشان هەر سێ ماددەکانی دواتر دەکەین، بە دەقاودەقی پێناسەی هەر سێ تاوانەکانی کردووە و بازنەیەکی بە دەوری ئەو کردەوانە کێشاوە کە تاوانەکەی پێدەناسرێتەوە. لێرەدا تێبینییەکی گرنگ هەیە، هەقە نەوەک هەر ئاماژەی پێبکرێ، بەڵکوی هەڵوێستەی لەسەر بکەین، چونکە لە کۆتاییدا، بۆ ئێمە، بۆ کورد، بۆ قوربانیانی ئەم جۆرە تاوانانە، بۆ داواکاری گشتیی و بە دواداچوونی ئەم جۆرە تاوانانە گرنگ و هەستیارن، وەک دواتر لایەنە قانونی لێکەوتەکە وردتر ڕووندەکرێتەوە. ئەم سەرنجەش ناوهێنانی تاوانەکانە، یەکیان جارێک بە تاک دووە دانەکەی دیکەش دیکەشیان بە کۆ.

کاتێ هەم دەستورەکە و هەم دەقی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید بە نۆزدە ماددەکەی سەیر بکەین، دەبینین جینۆساید وەک یەک تاوان، یان باشتر بڵێین بە تاوانێکی تاک سەیر دەکا، هەرچەندە لە پێناسەکەی خۆی بەوەی ئاخۆ چ کردەوەیەک بە جینۆساید دابندرێ، پێنج بڕگەی بۆ داناوە، کەچی هەردوو تاوانەکەی دیکەی بە کۆ ناوهێناون، واتە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، هی یەکەمیان سێ مادەیە و کۆی بڕگەکانی ٢٣ یەو هی دووەمیشیان هەر سێ ماددەیە، بەڵام ٥٩ بڕگەی تێدایە. هەڵبەتە ئەمەش مەودای فرەوانی کردە و ڕەفتارە پێناسەکراوەکە دەردەخا، بەوەی ئەو تاوانانەی بە کۆ هاتوو، بازنەکەیان، واتە ئەو ڕەفتارانەی پێیدەناسرێتەوە زیاتر و هەمەڕەنگترە

له تاوانی جینۆساید، هەم لەکاتی داواکردن و بەدواداچوونیشدا، لەکاتی دەستپێوەگرتن وەک دواتر دەردەکەوێ پێواژۆکەیان ئاسانترە، چونکە سنووری ڕەفتار و کردەوەکان بەرفرەوانترە. واتە ئەگەر هاتوو داواکاری گشتی لە هێنانەوەی برگەیەکدا هەڵەبکا، ئەوا لە تاوانی جینۆسایدا دەکرێ بە ئاسانی دەست بە بنەمای ڕەوایەتی(قانونیبوونی دەق) بگرێ، بەوەی کە پێناسەکە وەسفە قانونیەکە نایگرێتەوە، کەواتە تاوانەکە لە ئارادانامێنێ، ئیدی ڕۆیشتن لە برگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە لەنێو ماددەکانی تاوانی جینۆساییدا ئەوەندە ئاوێزانی یەکدین، زۆر سەختە بەبێ وردبینییەکی تەواوعەیار بتوانرێ کتومت مەبەستی بازنەکەی بپێکرێ. کەچی ئەم حاڵەتە لە هەردوو تاوانەکانی دیکەدا تەواو پێچەوانەیە، چونکە قانوندانەرە نێودەوڵەتییەکە هاتووە ڕەفتارەکانی ژماردوون، لە ژماردنەکەشدا ئەو یەکانگیرییە تێدا نییە، کە توندوبەندی و تۆکمەیی جینۆساید هەیەتی، بەتایبەتی کە هەموویان لە دەوری چەقی بازنەی مەبەست (نیاز) هەڵدەسووڕێ. هەر بۆیە لێرەدا دەتوانین بگەینە ئەنجامێک، مادام سزادان، مادام وەسفی قانونی هەر سێ تاوانەکان وەک یەکن و لە دژواربوون و نێودەوڵەتیبوون و سزادانیشدا هاوشانن، بۆ دەبێ ئێمەی کورد هەر دەست بە تاوانی جینۆسایدەوە بگرین، لەکاتێکدا بەرتەسکییەک لە ناوەڕۆکی ڕەفتارە پێناسەکراوەکانیدا هەیە. ڕاستییەکەش وەک لە بەشی پێنجەمدا بە وردی باسی دێ، ئەوەیە، پرسی سەلماندن گرێکوێرەیەکی زۆر گەورەیە بەرۆکی تاوانی جینۆساید دەگرێ.

لەوانەیە کورتهێنی لەبارەی زانیارییەوە، لاییلێنەکردنەوە وە یان عەودالبوون بە ناوی قەبەقەبە هۆکارێک بێ کەوا کەمتر قانونناس و سیاسەتوانی کورد ئاوڕی لەم بابەتە دابێتەوە.

## ٥

بەگشتی و لە قانونی سزاداندا، تاوان لەسەر سێ کۆڵەگە وەستاوە یان بە واتایەکی دیکە لە سێ توخم/ ڕەگەز پێکهاتووە کە : ١- کردە یان ڕەفتارە تاوانکارییەکە، کە ئەنجامێکی زەرەرمەندانەی لێبکەوێتەوە ٢- نیازە تاوانکارییەکە ٣- پەیوەندی نێوان ڕەفتار و ئەنجامی کردە تاوانکارییەکە.

هەرچەندە ئەم باسوخواسە، یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی قانونی سزادان و بەم پێیەش لە چۆنیەتی پێناسەکردن و ڕیزبەندی ڕەگەزەکانی تاوان جیاوازای بەدیدەکرێ، یان پۆلینکردنەکە بەسەر توخمی ماددی و واتایی دابەشکراوە، ئیدی توخمی ماددی ڕەفتار و ئەنجام و پەیوەندی و لەیەکگرێدان دەگرێتەوە و توخمی واتاییش بەتەنیا نیەتی تاوانەکە لەخۆدەگرێ، ئێمە لێرەدا ناچینە نێو قوڵایی ئەم باسە، چونکە دەرووی لاباسی دیکەمان لەسەر دەکاتەوە و لە کرۆکی مەبەستەکە دوورماندەخاتەوە.

ئەم سێ توخمە ناوبراوانە پێکهێنەری هەموو تاوانێکن، بۆیە هەمان ڕێساش بەسەر هەر سێ تاوانە نێودەوڵەتییەکەدا پەیڕەودەبێ، بەڵام کاتێ بەگوێرەی دەستوری ڕۆما بۆ هەر سێ تاوانەکان بڕۆین، دەبینین جۆرە جیاکردنەوەیەک، یان باشترە بڵێین جۆرە تایبەتمەندییەک لە توخمی نیەت/مراز/مەبەست (یان ئەوەی پێیدەگوترێ توخمی واتایی)دا هەیە، هەڵبەتە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەسەر سەلماندنی تاوانەکە و دواتر حوکمی دادگاوە هەیە.

لە تاوانی جینۆساید و بە گوێرەی ماددەی (٦) دەستوری ڕۆما بێ، کە دەق ماددەی (٢)ی پەیماننامەی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ی لەخۆگرتووە، وەها هاتووە کە (مەبەستی تێکشکاندن(لەناوبردن)ی لەپشت بێ with intent to destroy...) هەرچی تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتییە (ماددەی ٧) دەستەواژی (زانین، بەزانینەوە with knowledge) بۆ بەکارهاتوووە، و تاوانەکانی جەنگیش وەک لە ماددەی (٨)دا هاتووە دەستەواژەی (.. بەشێک لە پلان یان سیاسەت یان بەشێوەیەکی بەرفراوان) بەکارهاتووە، کە هەمان واتای زانین و ئاگالێبوون دەگەیەنێ.

هەڵبەتە ئەوەی بایەخی ئەم پرسەی هێناوەتەپێش و لە پرسی سەلماندندا کردوویەتیە بەردی بناغە، مادده (٣٠) هەمان دەستوری ڕۆمایە بە ناونیشانی (توخمی عەقڵمەندی) کە دەق وەها هاتووە:

( ١- مەگەر بەشێوەیەکی دیکە هاتبێ، دەنا ئەو کەسەی بەرپرسیاری تاوانەکە بێ و شایستەی سزادان بێ بە گوێرەی دادوەریی دادگاکە، ئەوا تەنیا لەو حاڵەتەدا دەبێ، کە توخمە عەقڵمەندییەکانی بە نیەت و زانینەوە کردبێ.

٢- بۆ مەبەستی ئەم ماددەیەش، ئەو کاتە کەسەکە نیازخوازە (نیەتی هەیە) ئەو کاتەی:

ئا: پەیوەست بە ڕەفتارەکەی، کەسەکە مەبەستی بووبێ ڕەفتارەکە بکا.

ب: پەیوەست بە ئەنجامەکە، هەر ئەو کەسە لێکەوتەکەی مەبەست بێ یان ئاگای لەوە بێ، کەوا ئەم ئەنجامەی لە ڕەوتی ئاسایی ڕەفتارەکەی بەدی دێ.

٣- بە مەبەستی ئەم ماددەیەش "زانین"، ئاگالێبوون لە بارودۆخی هەبوو دەگەیەنێ یان یان ئاگای لەوە بێ، کەوا ئەم ئەنجامەی لە ڕەوتی ئاسایی ڕەفتارەکەی بەدیدێ، "زانین" و "زانیاری" دەبێ لەسەر بنەما ڕۆنرابن.)

کەواتە هەر ئەم مادەیە خۆی کاری سەلماندنی(مەبەست بەڵگەیە)ی جینۆسایدی لە هی هەردوو تاوانەکانی دیکە جیاکردووەتەوە.

کاتێکیش زانین و زانیاری بۆ مەبەستی تاوان و سزادانی ڕووندەکرێتەوە، هەر ئەوەندە بەسە، کە بکەرەکە شایستەی عەقڵی هەبێ، زانینێکی ئاساییانەی هەبێ، تەمەنێکی قانونیانەی هەبێ، یان لە بارودۆخێکدا بێ، کە خۆی ڕاستەوخۆ ئاگای لە دەوروبەرەکە هەبێ ئاخۆ چی دەقەومێ. ئیدی بۆ ئەمەش بوونە سەرباز، یان چەکهەڵگرتن و ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی مێلیشیایی یان لە هێزی سەبازی و جۆری چەکەکە و جۆری بە ئامانجگرتنی بەرانبەر دەربەستی ئەوە دەبێ، کە نیەتی تاوانکارییەکە بسەلمێنرێ.

ئەمەش ئەم لێکەوتەیەی لێدەکەوێتەوە، کە بۆ سەلماندنی تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، بە حوکمی پشتبەستنی نیەتی تاوان بە زانیاری و ئاگالێبوون و هەروەها بە حوکمی فراوانبوونی بازنەی ئەو ڕەفتارانەی دەبنە مایەی تاوانەکە، زۆر ئاسان بکەوێتەوە. کەچی لەبەرانبەردا لە تاوانی جیۆسایدا، دۆخەکە زۆر جیاوازترە.

لە تاوانی جینۆساییدا، مەبەست هەر مەبەستێکی ڕووت نییە، کە بە زانیاری ئاگالێبوونەوە بەند بێ، بەڵکو نیەت و مرازیێکی تایبەتە، پێویستی بەسەرلەوەستان هەیە.

کاتێک دەگوترێ تاوانەکەی بە نیەتەوە (بە مەبەستەوە) کردووە، ئەوا واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە بکەرەکە بە ویست و زانینەوە کردەوەکەی کردوە یان وازیلێهێناوە، بە جۆرێک ڕەفتارەکەی لە ئەنجامی مەبەستەکەی سەرچاوەی گرتبێ.

دەبێ لێرەدا ئەوە بگوترێ، کە خودی قۆناغە قانونییەکانی بەر لە دەرچوونی پەیماننامەکە، بە خودی ڕەشنووسی پەیماننامەکەشەوە، ئەو دەستەواژەی (بە نیەتەوە، یان پاڵپشت بە نیەت)ی لە نێودا نەبووە، دواتر لەکاتی گفتوگۆ و دانوستان لەسەر ماددەکانی پەیماننامەکە بۆی زیاد کراوە.

ئەم زیادکردنەش بە گوێرەی یەکانگیربوونی قانونناسانی ئەم بوارە، ئەوا ئەم نیەتە ناکاتە نیەتێکی سادە و ئاسایی، بەڵکو نیەتێکی تایبەتە و دەبێ ناواخنی ئەم نیەتە تایبەتە لە ڕەفتاری بکەرەکەوە بەدی بێ، ئەوسا تاوانەکە بە تاوانی جینۆساید دەناسرێ.

کاتی خۆیشی و لە کێیسی «فرانس ڤان ئانرات»دا، یەکەم جار لە لایەن دادگای هۆڵەندییەوە لەسەر پرسی فرۆشتنی چەکی کیمیاوی ئەنجامدرا، بکەرەکە، کابرا بازرگانە هۆڵەندییەکە بە تاوانی جینۆساید تاوانبارکرا، کەچی دواتر دوای وردبوونەوە و تەمیز و تێهەڵچوونەوەوی دادگای باڵاتر، بە پێداگرتن لەسەر ئەوەی، کە ئەم ڕەفتارە (کردەوەیە)ی بازرگانەکە بەو نیازە نەبووە کە کورد، هەمووی یان بەشێکی قڕبکا، واتە نیازێکی وای لە مێشکدا نەبووە نەتەوەیەک یان کەمینەیەک لەناوببا، بەڵام دەیزانی کە ڕژێمی سەدام حوسێن شەڕانگێزە و کاڵا بازرگانیەکەش مەترسیدارە، بۆیە تاوانەکەی لەسەر لاکەوت و ئینجا بە تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی تاوانبارکرا، سزادانەکەشی هەر هەمان شت بوو.

هەروەک لە پێشینەی حوکمەکانی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەت ڕوونکراوەتەوە، نیەت لە مادەی جینۆسایدا هەر نیەتێکی سادە نییە، بەوەی بکەرەکە بەنیازەوە خەڵکی یان ئەندامانی گرووپێک بکوژێ، بەڵکو دەبێ نیەتەکەی لەوە قووڵتر بێ، شۆڕببێتەوە بەوەی بە دیقەتەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لێگرتبێ، هەروەها بە نیازی پێشەوەختەوە لەسەر بنەمای جیاوازییەوە ویستبێتی بیانکوژێ و لەناویانبەرێ... واتە پێشوەختە بە حوکمی نیەتەکە نەخشە و پلانی بۆ دانابێ، ئینجا خۆی بۆ ئامادەکردبێ، ئیدی لێرەدا ئەم دوو خاڵە دەمانباتە بەردەم پرسیارێکی زۆر گەورە، بەوەی ئایا تاک بەتەنیا دەتوانێ بەم کردەوەیە هەڵبستێ؟ یان بە واتایەکی دیکە ئایا ئەو نیاز و ئەو جیاکردنەوە و ئەو ئامادەکارییە پێویستی بە بیرۆکە نییە؟ ئایا خۆئامادەکردن پێویستی بە خەڵکانی دیکە نییە؟ ئایا جیاکردنەوە لەسەر هەر بنەمایەک بێ، ئەوسا ڕەگەزی یان ئەتنی یان سیاسی یاخود دینی بێ، واتای ئەوە ناگەیەنێ کە بکەرەکەش سەر بە لایەنی بەرانبەر بێ و بیرۆکەیەک لە گەڵ هاومەبەستەکانی کۆیانبکاتەوە ئینجا بەیەکەوە کارەکە بکەن؟ یان هەر هیچ نەبێ دنەدەر و ڕێخۆشکەر بن تا ئەنجامەکە بەو تاوانە سامناکە بشکێتەوە.

شایانی باسە لە توخمەکانی تاوان کە پاشبەندی دەستوری ڕۆمایە بە وردی پرسی نیەت لە هەر کردەیەکی کوشتن، یان لە دیاریکردنی بازنەی لەخۆگری هەر بەند و دەقێکی نێو

دەستورەکە ڕوونکراوەتەوە، پەردەشی لەسەر واتای نیەتی تایبەتمەند سەبارەت بە تاوانی جینۆساید هەڵداوەتەوە.

لێرەدا و هەر لە دەرووی ئەم ڕاستیيانەی سەروو، ئەگەر هاتوو وردتر بچینە بنجوبناوانی تاوانەکە و پرسی شاڵاوەکانی ئەنفال و تاوانە هاوتایەکانی لەسەر کورد، لە ماوەی ڕابردوو، هەر هیچ نەبێ بەگوێرەوی ئەو مەودا زەمەنییەی قانونی تاوانە باڵاکانی عێراقی بخەملێنین، ئەوا دەبێ هەر بۆ دەربەستبوونی نیەتەکە، بیرۆکەی شۆڤێنیزمی نەتەوەی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست، یان لە حاڵەتی داعش و هاوبیرەکانی، بیرۆکەی ئسولگەرایی و بنەماگەرایی دیینی بهێنینە پێشچاو.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە، واتە چەمکی تاوانباربوونی بەکۆمەڵ، «ڕافائیل لێمکین» نووسیویەتی: "جینۆساید دوو قۆناغی هەیە: یەکیان تێکوپێکدانی لایەنی نیشتمانی گرووپە چەوساوەکە و هی دووەمیشیان سەپاندنی لایەنی نیشتمانیی (نەتەوەیی) چەوسێنەرە. سەپاندنەکەش بە نۆرەی خۆی دەکرێ لەسەر حیسابی خەڵکە چەوساوەکەوە بێ بەوەی ڕێخۆشکەر بێ، کە چەوسێنەرەکان لە جێگەیدا بمێننەوە، یاخود لەسەر حیسابی خاکی چەوساوەکان بێ، ئەمەش دوای ئەوەی خەڵکەکەی لێوەدەردەنرێ و داگیردەکرێ بۆ ئەوەی هی خۆیان (واتە هی چەوسێنەرەکە) لەجێی ئەوان لێدابکوتێ.

ئەگەر بۆ نموونەش بگەڕێین، نموونەی قڕکردنی ئەرمەن لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهان لەسەردەستی تورک، و هۆلۆکۆستی جوو لە میانەی جەنگی دوەمی جیهان لەسەر دەستی نازییەکان و ئەنفال و تاوانە هاوشانەکانی دیکەی دەرهەق بە کورد لەسەر دەستی بەعسییەکان و ئێزیدییەکانیش لەسەر دەستی داعش، نمونەی زەوقی دەربڕی ئەم بیرۆکەن.

## ٦

پرسی نیەت (نیاز/مەبەست) لە تاوانی جینۆساید، کە تایبەتە ئەوەی لێدەکەوێتەوە بگوترێ: تاوانەکە تاوانێکی بەکۆمەڵە و لە سنووری تاکدا نییە. هەر لەم ڕەهەندەشەوە دەکرێ وێوەتر بڕۆین و بڵێین تاوانەکە لە دەرەقەتی کەسی سروشتیشدا نییە، بەڵکو هەر بە کەسی واتایی(قانونی) دەکرێ، کە داردەستەکانی کەسی سروشتیین.

بۆ ئەوەی زیاتر خاڵ بخەیەنە سەر پیتی ئەو دەرەنجامەی سەروو، دەکرێ دەست بەم خاڵانەی خوارەوەدا بگرین. هەڵبەتە لەم ڕوونکردنەوەیەدا مەبەست ئەوەیە، کە لەم بەشەدا زیاتر لایەنە کردەییەکانی ئەم تاوانە بەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال و تاوانەکانی دیکەدا پەیڕەوبکرێ و هەوڵبدەین ئەم پرسە وەڵامبدەینەوە؛ ئاخۆ ئەو تاوانانەی دەچنە چوارچێوەی جینۆساید دەرهەق بە کورد و تێیدا توخمی کوردیش کارابووە، ئەگەر وەک داردەستێکیش بێ، ئایا بەر چ حوکمێکی قانونی دەکەوێ؟ یاخود ڕاستر بڵێین ئایا بۆ ئەویش هەمان پێناسەی تاوانی جینۆساید دەستدەدا؟

با جارێ ئاماژە بەم خاڵە سەرنجڕاکێشانە بدەین:

**یەکەم**: وەک لە بەشەکانی دیکە ڕوونکراوەتەوە، نیەتی تاوانی جینۆساید، نیەتێکی پێشوەختەیە و ئامانجێکی پێشوەختەی لەپێشە. ئەم ئامانجەش بە تێکدان و لەناوبردن یان سڕینەوەی ئامانجێکی هەبووی پێشتر بەدیدێ، ئەوسا چ لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی، دینی یان سیاسی بێ... کەواتە لێرەدا هەر دەبێ باس لە کەسێکی واتایی (قانونی) بکرێ، نەوەک تاکێکی سروشتی. چونکە ئەم ئامانجە بەرفراوانە لە هی تاک دەردەچێ.

ئاشکراشە کەسی واتایی یەکگرتنی کۆمەڵە کەسانێکە لە دەوری بیرۆکەیەک و ئامانجێکی هاوبەش، نموونەش هەر لە دەوڵەت و هۆز و تیرەوە بگرە تا دەگاتە ڕێکخراو و کۆمپانیا... هەڵبەت لە دروستکردنی ئەم کەسە واتاییەشدا مەبەستەکان جیاواز و فرەڕەهەندن، وەک دەرکەوتەی نەتەوەیی، دینی، مەزهەبی، بازرگانی و ئاسایشی و خۆپاراستن. بێگومان بۆ قووڵبونەوە و ڕۆچوون بۆ شیکردنەوەی ئەو جۆرە کەسایەتییە، ئەوا هەر دەبێ ڕوو لە قانون بکرێ، لێرەدا ئێمە هەر بە ئەوەندە وازی لێدێنین.

کاتێکیش ئەم چەمک و دەربڕینە بەرخوردبکەین، و لەسەر تاوانێکی وەک جینۆساید پەیڕەویبکەین، پێویستە بڵێن دەوڵەت، حیزب، ڕێکخراو، میلیشیا... دەتوانێ ئەم تاوانە بکا، چونکە لەپشت ئەم تاوانە وەک «ڕافائیل لیمکین»ی دۆزەرەوەی چەمک و پێناسەکەش لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە نووسینەکانی ئاماژەیی پێداوە، مەبەستی مانەوە، یان جێگرتنەوە یاخود خۆبەرفراوانکردنی بکەرەکان هەیە.

کاتێکیش سەیری قانونی ژمارە (١٠)قانونی دادگای سزادانی باڵای عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بکەین، کە لەبن چوارچێوەی ئەوەوە دادگای ئەنفال و بازرانییەکان و کیمیابارنی سەرانی ڕژێمی بەعس کرا و تایبەت بوو بە تاوانانەی ڕژێمی بەعس لە ماوەی ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ تا ١ی ئایاری ٢٠٠٣ کردبوونی، ئەوا لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمی خۆیدا دەق وەها هاتووە: (دەسەڵاتی ئەم دادگایە بەسەر هەر کەسێکی سروشتیدا دەشکێ ئەگەر هاتوو عێراقی یان غەیرە عێراقی نیشتەجێی عێراق بێ...). کەواتە لێرەدا هەر کەسی سروشتی بەبێ سیفەتی ڕێکخراوەیی خۆی کردووەتە بابەتی تاوانەکە و دوورکەوتووەتەوە لەوەی کەسی واتایی بخاتە بەر باس.

بەمە قانونەکە نەوەک هەر دوورکەوتۆتە لە مەبەستی پێناسەی ڕێککەوتننامەی ڕێگرتن و سزادانی جینۆساید، بەڵکو تا ڕاددەیەک لەگەڵ ئەو قانونانەی بۆ مەبەستی دیکەش دەریکردوون، ناکۆک بووە. خۆ ئەگەر بگوترێ ناکرێ و نابێ کەسی واتایی دادگایی بکرێ، بۆ ئەوەی شیرازەی عێراق وەک دەوڵەت و حکوومەت تێکنەچێ، یان لە توانادا نییە کارێکی وەها بکرێ، کەچی هەر دەسەڵاتدارانی عێراقی نوێ قانونێکی دەرکرد بەوەی، کە سەرەتا بە قانونی (ڕیشەکێشکردنی بەعس) دواتر بە (قانونی لێپرسینەوە و دادپەروەری) ناسێنرا و تایبەت بوو بەوەی ڕێکاری تایبەتی سزادەریانە سەبارەت بە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی بەعس بگیرێتەبەر. واتە حزبی بەعسی وەک کەسێکی واتایی خستە نێو بازنەی لێپێچینەوە... هەڵبەتە ئەمەش مەرامی سیاسیی دەسەڵاتدارە نوێیەکانی بەغدای لەپشتبوو و هەر بەم شێوەش ڕەفتاری لەگەڵداکراوە؛ کەچی سەبارەت بە تاوانێکی گەورە و سامناکی وەک جینۆساید، خۆیان لە پرسەکە نەباندەکەن بۆ ئەوەی ئامانجی دادپەروانەی خۆی نەپێکێ.

هەر ئەم شتە دەمانخاتە بەردەم ناوەڕۆکی پرسیارێکی گەورە، کە بەردەوام لە مێشکی تاکی کورددا دێت و دەچێ و بە ئاسانی ناتوانی خۆی لێدەربازبکا. ئەرێ گەلۆ بۆچی قوربانیانی تاوانەکانی ئەنفال و هاوشێوەی خۆی قەرەبوونەکرانەوە؟ هەروەها ئەو پرسیارە گرنگەش، ئەرێ گەلۆ بۆچی دەوڵەتی عێراق، وەک دەوڵەت و میراتگری حوکمی هەشتا و ئەوەندە ساڵەی خۆی داوای لێبوردنی لە قوربانییەکانی تاوانی جینۆساید نەکردوە؟

وەڵامەکەش بە کورت و پوختی لەمەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەسەڵاتدارانی نوێی عێراق بە دارشتنی ئەم قانونە خۆیان لە پرسە سەرەکەییەکە دزیەوە و ڕەوتی دادپەروەری دادگاییکردنەیان بەلاڕێدابرد.

هەر ئەم پرسە، واتە دادگاییکردنی کەسی سروشتی، وەک ئەوەی کرا، وەک ئەوەی لە لەسێدارەدانی هەندێ لە سەرانی ڕژێمی بەعسیش بە کردەوە جێبەجێکرا، خۆی دەبینێتەوە. بەوەی دوای لەسێدارەدان (یان مردن)ی تاوانبار، ئیدی دۆسیەی تاوانەکە بە ئامانج دەگا و دادەخرێ، داخستن بەو مەبەستەی کە چیدی هەڵنادرێتەوە و دەبێتە مێژوو. بەم جۆرە کاتێک ئەوانە لەسەر ئەو کێسانەی لەسێدارەدران، واتە کێسەکان بەپێی کەسایەتی سروشتی بکەرەکان و لەسێدارەدراوەکان بچووککرایەوە، ئیدی مەبەستی ڕۆحی ڕێککەوتننامەکە لە ڕێگرتن لە تاوانی جینۆساید نەهێنرایەدی. بەمەش ئێمە وەک کورد، یان ئەگەر زۆریش بجووک بکەینەوە، کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکانی ئەنفال و هاوتایەکانیان بە مەبەستی دادپەروانەی خۆیان نەگەیشتن. بەمە جینۆساید وەک هەر تاوانێکی کوشتنی بە ئەنقەستی لێهات، کە لە چوارچێوەی قانوننامەی سزادانی هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتاندا هەیە، ئیدی نە سامناکی، نە تایبەتمەندی تاوانەکە و دادگاکە مەبەستەکەی نەهێنایەدی.

**دووەم:** بەشدارانی تاوانەکە. لە قانونی سازداندا کاتێک تاوانێکی بەئەنقەستی پێشوەختە پلانبۆدارێژراو دەکرێ، ئەوا بەرپرسیارێتییەکە نەوەک هەر بۆ بکەرە ڕاستەوخۆکەی دەڕوا، بەڵکو بەگشتی هاوکارانی تاوانەکە دەگرێتەوە؛ واتە بازنەی سزادان بۆ پلاندانەر، بۆ دنەدەر و ڕێخۆشکەرەکە و بۆ بکەرەکەش دەڕوا. ئەمەش ڕێسایەکی گشتییە.

لێرەدا و لە تاوانەکانی ئەنفال و هاوتایەکانی دژ بە خەڵکی کورد و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەدەر لەوەی تاوانەکە ئەو ڕەهەندانەی ڕێسای ئاماژەبۆکراوی هەبوو، ئەوا ڕەهەندێکی دیکەشی هەبوو، کە بۆ ئێمە زۆر گرنگ و باڵکیش بوو، تائێستاش مقۆمقۆی مافپەروەریی و سیاسیانەی لەسەر نەبڕاوەتەوە، ئەویش لەڕووی پەیوەندی بکەرەکانی تاوانەکانن لە بەرانبەر قوربانیەکاندا، کە دوو جۆرن: یەکەمیان **دوژمنی ڕاستەوخۆ**؛ ڕژێم بە پێکهاتەی جیاواز لە قوربانییەکان، واتە دەسەڵاتی بەعسی سوننەی عەرەبی عێراق. دووەمیشیان: **تاکەکانی کورد** خۆیان، کە لە سەرۆک جاش و مەفرەخاسە و ڕەفیق حیزبی خۆی دەبینیەوە.

ئینجا پرسیارە گەورە و قورس و بوێرەکە لێرەدا ئەمەیە، تۆ بڵێی هەر دوو لایان (هەردوو بکەرەکان) بە یەک تەرازووی پێناسەی سزایی بپێورێن؟ یان وردتر و ڕشکاوانەتر، تۆ بڵێی هەردوو لایان هەمان پێناسەی چەمکی جینۆسایدیان بەسەردا پەیڕەوببێ؟ ئایا

موستەشاری جاش، مەفرەی خاسەی ئەوکات و ڕەفیق حیزبی یان هەر کوردێکی دیکە، کە لە تاوانەکان بەشداربووبێ، هەمان پێناسەی بکەرە غەیرەزمانەکە دەیانگرێتەوە؟

جارێ لە پشەوە دەبێ دلێرانە و مەحکەمانە ئەوە بگوترێ، کە هەر کەسێکی هاوزمان، هاونیشتمان، هاو خوێن و بەرژەوەندی و هەر هاوپەیوەستییەکی دیکەی گرنگ لەگەڵ قوربانییەکان، ئەم کارەی کردبێ یان بەشدار بووبێ، ئەوا ناپاکە، بەڵام ناپاکی دەچێتە نێو قانون و ڕێساکانی ڕەوشت، بۆیە لەوانەیە ڕاستەوخۆ وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ وەسفێکی قانونی تایبەتییان لەنێو بازنەی قانونی سزاداندا نەگرێتەوە.

لێرەدا ئەم خاڵە تاوتویدەکەین کە چەقی باسەکەمانە. با بێینەوە سەر نیەت لە تاوانی جینۆسیاد، کە ئەمەمان پێدەڵێ: بکەرەکە یان بەشدارەکە نیەتی لەناوبردنی ئەوەی پێشخۆی هەبێ تا خۆی جێگەی بگرێتەوە. کەواتە کوردێک بە هەر سیفەتێکەوە بێ ئەم تاوانەی کردبێ، ئەوا پرسیاری زەقوزۆپ ئەوەیە؛ ئایا نیەت، ئەو نیەتەی لە بۆتەی تاوانی جینۆساییدا هەیە لەودا دێتەدی؟ واتە ئایا کەس هەیە نیەتی ئەوەی هەبێ نەتەوەکەی خۆی، هۆزی خۆی، دینی خۆی، ڕێکخراوە سیاسییەکەی خۆی قڕبکا و لەناوبەرێ، لەوکاتەی هێشتا دانپێدانەناوە کە لێیانهەڵگەڕابێتەوە بەوەی نەتەوە و دین و باوەڕە سیاسییەکەی خۆی گۆڕیبێ؟ ئایا ئەمە ناچێتە چوارچێوەی خۆکوژی؟ ئەم ناواخنەش زیاتر لە پێواژۆی سەلماندنی تاوانەکەدا دێتەگۆڕێ. بۆیە دەبێ لەوەسفکردن و پێناسەبەردابڕاندندا زۆر وشیار و وردبین بین. لە بەرەنجامدا ڕووبەڕووی سەختانگی قووڵ دەبینەوە، بۆیە دەکرێ لە حوکمی کۆتاییدا بگەینە ئەوەی، کە ئەو هاوزمان و دین و خوێنانە هەمان پێناسەی تاوانی تایبەت بە جینۆساید نایانگرێتەوە، کە غەیرەزمان و غەیرە خوێن و دین دەیانگرێتەوە، بەڵام لە بن باری تاوان بە سزای هاوشان دەرناچن، لەو کاتەدا دەبێ پەنا ببرێتەبەر پێناسەبەسەردابڕانی حوکمەکانی یەکێ لەو دوو تاوانانە، کە تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگن. کەواتە بە هیچ جۆرێ لەبن تاوانەکە دەرناچن، چونکە تاوانێکی دووسەرەیە، هەم ناپاکی (لەڕووی ڕێساکانی ڕەوشت) و هەم تاوانی کردەیی بەگوێرەی قانون، بەڵام بە پێناسەی دیکەوە.

# ٧

لەم بەشەشدا هەر بە دوای سەرەداوی سەرنجی کردەیدا دەڕۆین.

بە حوکمی ئەوەی کە بکەرەکانی تاوانەکانی ئەنفال و هاوتایەکانیان دووسەرە بوون، واتە هەم لە بەرەی بەرانبەر (دەسەڵاتی بەعسی عەرەبی سوننەی عێراق) و هەم لە بەرەی خۆشمان (موستەشار و مەفرەزە خاسە و ڕەفیق حزبی) بوون، هەر بۆیە لەگەڵ بەپابوونی ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ و بۆ گشتگیرکردن و بەفراوانکردنی بازنەی هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی ڕژێم، بەرەی کوردستانی بڕیارێکی سیاسیانەی ڕاوەدوونەنانی بکەرە نێوخۆییەکانی تاوانەکانی دەرکرد. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەم بڕیارە بە دووسەرە لێکدراوەتەوە و خواردوویەتی، چونکە تا ئێستا هیچ بکەرێکی خۆیی بە و تاوانانە دادگایی نەکراوە.

ئەم بڕیارە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەردەوام مشتومڕی لێپەیدابووە و هەم لێکەوتەشی لە دوای خۆی بەجێهێشت. جارێ لە پێشەوە بڕیارەکە بڕیارێکی سیاسی بوو، ئەگەر زۆریش وردبکرێتەوە هەر بۆ ئەوە بووە، کە لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا کردەی بەدواداچوون نەکرێ یان سڕبکرێ، لەوانەیە هەر ئەو نیەتەش پاڵنەرەکەی بووبێ، بەڵام دواتر مەودای بڕیارەکە و لێکەوتەکەی ڕەهەندی بەرفرەوانتری وەرگرت و لایەنی دادگایی دادپەروەریی سزادانی تاوانەکانی بە ئاراستەیەکدا برد، کە لەگەڵ حیکمەتی سزاداندا نەهاتەوە. هێشتا بەرەی کوردستانی هەر لە قۆناغی جۆشوخرۆشی سیاسیانەی لەرزۆکدا بوو، کە بڕیارەکەی دەرکرد، واتە لایەنی قانونی بۆ داپۆشینی دامودەزگای ئیداری و دادوەری نەچەسپیبوو، بەوەی جێگەی نوێنەری داواکاری گشتی

بگرێتەوە، بەڵام ئەنجامەکەی و بە تێپەڕینی ڕۆژگار کارێکی زۆر نەرێنیانەی لەسەر یادگەی نەتەوەییدا کرد.

خۆی بۆ هەر تاوانێکی کوشندەی لەم جۆرە و بەپێی سیستمی قانونی، بۆ لەدەرکەدانی دادگا و ڕاستەڕێکردنی پێواژۆی قانونی دادگادا، بۆ دوو کەس هەیە کە کێس بجووڵێنن، یەکەمین قوربانی(بە کەسوکارییەوە) دووەمیشیان نوێنەری داواکاری گشتی. هەر خەبەردانێک کە دەسەڵات پێبزانێ، هەڵبەتە ئەمەش هەر بەرۆکی نوێنەری داواکاری گشتی دەگرێتەوە. لە هەموو دۆخێکیشدا تێکگیران لە نێوان ئەم دوو لایەنەی جوڵێنەری داوا یان سکاڵا ڕوونادا، ئەمەش بەو واتایەدا دێ گەر هەر لایەنێکیان بە هەڵوێستی کارا(ئەکتیڤ) یان ناکارا(پاسیڤ)، کارێکی وەها ناکا، مافی لایەنەکەی دیکە لە جوڵاندنی داواکە بسڕێتەوە. ئەگەر وردتر ببینەوە، لێرەدا ئەگەر خەبەریش نەدرا، نوێنەری داواکاری گشتیش نەیجووڵاند، ئەوە لەوە ناگۆڕی، کە قوربانییەکە (زەرەرمەندەکە) مافی داواکردن و قەرەبووکردنەوەی بفەوتێ، چونکە لەو حاڵەتەدا هەر هیچ نەبێ مافی ڕاستەوخۆی کەسەکی ئەو دێتە گۆڕێ. هەر هەمان بنەماش لەو حاڵەتەدا سەرهەڵدەدا، ئەگەر هاتو نوێنەری داواکاری گشتیی هەڵوێستی کارایانەی هەبوو بە نەجووڵانی کێسەکە، ئەوا دیسان ڕێگەناگرێ بە جوڵاندندنی لە لایەن قوربانییەکەوە. بۆیە ئەگەر وەهای دابنێین، کە بەرەی کوردستانیش لەم دۆخەدا ڕۆڵی نوێنەری داواکاری گشتی لە وروژاندن و بێدەنگکردنی مافی گشتی بینیبێ، ئەمە لەوە ناگۆڕێ کە قوربانییەکان ئەو مافەیان لێسەنرابێتەوە یان بسەنرێتەوە. هەڵبەتە هەر کارێکی نوێنەری داواکاری گشتیش دەبێ بە پێودانگی قانونیانە و دادپەروەرانی بنەماکانی دەوڵەتی قانون هەڵبسەنگێنرێ، کە تێدا بنەمایەکی سەرەکی و بڕیاردەر لەیەکجیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکانە، کە دیارە ئەم بنەمایە لە کاتی خۆی بەسەر بەرەی کوردستانییدا نەدەچەسپا، چونکە بە پێچەوانەوە و لە یەکدەر و کۆکەرەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکان بوو.

خۆ ئەگەر لێرە چ بە گوێرەی ئەمری واقیع یان بە گوێرەی داخوازی بێ، پەنا بۆ ئەوە ببردرێ گوایە زەمەن کەفیلە بە سڕینەوەی ئەوە مافەی کاتی خۆی دروست بووە، ئەوە بگوترێ تێپەڕینی ڕۆژگار، واتە ١٠ ساڵ و هەروازتر بەگوێرەی جۆری سزادانەکە، یان بە هێشتنەوەی دۆخی پاسیڤی هەبوو، ئەوا دەکرێ هەر بێدەنگی لێبکرێ و دۆخەکە وەک ڕۆیشتووە هەروا بڕوا. ئەگەر

هاتو ناواخنی ئەم داخوازییە لە هەندێ حاڵەتی قانونی و دادوەرییدا هەروەک قانونی مەدەنی بێتەگۆڕێ، ئەوا لەبارەی تاوانە گەورە و کوشندەکانیدا جێبەجێنابێ.

مەبەستی سەرەکیش لەم ڕوانینە ئەوەیە؛ دەبێ سەلماندنی تاوان پشت بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر ببەستێ، ئەو بەڵگانەی بە تێپەڕینی ڕۆژگار کاڵنەبووبنەوە، بۆ ئەوەی بکەرەکان سزابدرێن، بەمە لە بنەمای دادپەروەریی دوورنەکەونەوە. کەچی هەروەک لە دیباجەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٦٨ بۆ پەیڕەونەبوونی بنەمای (تەقادوم/Limitation) بەسەر تاوانەکانی جەنگ و دژەمرۆڤایەتی هێناویەتیەوە چونکە؛ **یەکەم:** سزادانی تاوانکارانی ئەم جۆرە تاوانانە توخمێکی هەرە گرنگە بۆ ڕوونەدانەوەیان. **دووەم:** پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی لەسەربەندە؛ **سێیەم:** بۆ هاندانی متمانە و هاوکاری زیاتر لەنێو گەلان بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوشی ئاشتی و ئاسایش.. ئیدی کۆمەڵگەی نێوەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە هەم ڕێککەوتننامەکەی پەسەندکرد و هەم لە مادده ٢٩ی دەستووری ڕۆمای دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی تێیدا بنەمای تێپەڕبوونی زەمەن بۆ بەلاوەنانی سزادان واتە تەقادومی زەمەنی لە سەر هەر سێ تاوانە کوشندەکانی جینۆساید و دژەمرۆڤایەتی و جەنگ بەلاوەنا. ئاخر مەبەست لە سزادان هەر سزادان و تۆڵەکردنەوەی ڕووت نییە، کە لایەنێکی بەدیهێنانی داپەروری بێ، بەڵکو مەبەست هێنانەکایەی دۆخێکە، کە کەس دیکە بە بێ سزادان دەرنەچێ تا ڕەوشی هاوچەشن ڕوونەدا، واتە لەڕێگرتنی تاوان لەوەی لە ئایندەدا ڕوو نەدا، هەڵبەتە بۆ یادەوەری بە کۆمەڵیش شتێی گرنگە کە تاوانکاران بەبێ سزا دەرنەچن.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بنەما و ئەو لێکدانەوانە، هەندێ نموونە هەن، لێرەدا هەقە ئاماژەی پێبدەین. نموونەی هەرە زەق کردەی ئیسرائیلییەکان بوو بەوەی دوای تاوانی هۆلۆکۆست لە میانەی جەنگی دووەمی جیهان، ئەوان بە چەند سەرێکەوەکاریان بۆ لێکەوتەکانی ئەم جۆرە تاوانە کرد، هەمووشی لە قازانجی بەرژەوەندی بە کۆمەڵی لایەنی نەتەوەیی (قەوارەیی) قوربانییەکان بوونەوە.

**یەکەم**: هەوڵیاندا لەگەڵ سەرهەڵدانی دادگا بەراییەکانی دوای جەنگ، کە بە دادگای نۆرمبێرگ ناسراوە، پرسەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بوروژێنن و تاوانباران سزابدەن.

**دووەم**: ناساندنی نەتەوە و قەوارە سیاسییەکان لە ڕێی هۆلۆکۆستەوە وەک قوربانی، بەمە هەستوسۆزی سەرتاپای هێزە هەقویست و دیموکراتخواز و دادپەروەرکانی جیهان یان ڕای گشتیی بۆ خۆیان کێشبکەن.

**سێیەم**: داواکردنی قەرەبووی مادی لە بکەرانی هۆلۆکۆست. ئەمەش وەنەبێ تاوانەکە تەنیا بە شکست و لە ناوچوونی نازییەکان کۆتاییهاتبێ، بەڵکو ئەوان یەخەی دەوڵەتی ئاڵمانیان گرت و بە قەرەبووەکەی پێگەی خۆیان قایمترکرد. لە هەر کوێیەک کارئاسانی بۆ تاوانی هۆلۆکۆست کرابێ، دەوڵەتەکەیان بە بەرپرسیار زانیوە، بۆیە لەپاڵ دەوڵەتی ئاڵمان، دەوڵەت و حکوومەتی دیکەشیان بە بەرپرسیاری تاوانەکە زانی و داوای قەرەبوویان کرد و وەڵامێکی ئەرێنیانەشیان وەرگرتەوە، هەر بۆ نموونە شانشینی هۆڵەندا لە سەرەتای دووهەزارەوە بە چەندین ملیۆن دۆلار قەرەبووی ئیسرائیلی کردەوە.

**چوارەم:** دروستکردنی مۆزە و مۆنۆمێنتی تایبەت بە تاوانەکە، ئەوسا چ لەو شوێنانەی تاوانەکەی لێڕوویداوە چ لە نێوخۆی وڵات خۆیان. ئیدی ئەم شوێنانە وەک ئۆردوگا زۆرەملێکان بوونەتە ڕووگەنمای گەشتیاران.

**پێنجەم**: بەدەر لە داوا نێودەوڵەتییەکان، هەر خۆیان بەدوای تاوانبارەکاندا چون، لە هەر کوێیەکی سەر ئەم زەمینە خەبەرێکیان سەبارەت بۆ خۆشاردنەوەی تاوانبارێک زانیبێ، هەواڵەکەیان بە هەند هەڵگرتووە، حکوومەت مشووری ئەوەی خواردووە بەدوایادا بچێ و ئەگەر کرا بیانهێنێتەوە وڵات و داگایان بۆ دابنێ، دەنا هەر لەجێگەی خۆیان ساردیانبکاتەوە. زۆر جاری وا هەبووە دوای ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم کارەیان کردوە و کردەکەش لەسەر ئاستی جیهان دەنگیداوەتەوە. دۆزی (ئەدۆلف ئایخمان) یەکێکە لە نموونە هەرە بەرچاوەکان، کە چۆن بەدوای سەرەداوی خەبەردانێک کەوتن و دوای نزیکەی بیست ساڵ لە تاوانەکە و دوای ئەوەی تاوانبار وڵات جێدێڵی لەم سەری دنیا دەچێتە ئەوسەری دنیا و ناسنامە و تەنانەت ڕوخساریشی دەگۆڕێ، بەڵام لەبەر بنەمای مکوڕبوون لەسەر بەدوداگەڕانی قوربانیەکان بەوەی هیچ تاوانکارێک لە بازنەی سزادان دەربازنەبێ، ئەوە بوو لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو، دوای نزیکەی ساڵێک بەدواداچوون و زانیاری کۆکردنەوە، تاوانبارەکە لەسەر خاکی دەوڵەتی ئەرجەنتین دەدۆزنەوە و دەیگرن و دەیڕفێنن و دەیهێننەوە ئیسرائیل، لەوێ دادگایی دەکەن و پاشان حوکمی لەسێدارەدانی بەسەرردادەدەن و دوای سوتاندنی جەستەی خۆڵەمێشەکەشی لە سنووی ئاوی نێو دوڵەتی ناو

دەریا فڕێیدەدەن. ئیدی ئەم دادگایە هەم ڕەوایەتی دادپەروەرییانە وەردەگرێ و هەم جۆشدانێکی میللی بە کۆمەڵی قوربانیانیشی پێ حاسڵدەکەن.

بەڵام کاتێک ئێمە ئەو ناواخنە ئاماژەپێکراوە لەسەر ڕەوشی خۆمان پەیڕەوبکەین، یان بەراورد بکەین، ئەوا هەر دەبێ بە داخ و کەسەرەوە بڵێین: جیاوازییەکە ئاسمان ڕیسمانە.

## ٨

ڕژێمی پێشووی عێراق ناوی لەو هەشت شاڵاوە تاوانکارییە بەربڵاوەی کە لە ساڵی 1988 کردە سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ناوی نا –حملات الانفال–.

لێرەدا هەوڵ دەدەین لایی لە ناوی تاوانەکان بکەینەوە، کە بە ئەنفال ناوبراون و لەگەڵ بەڵگەنامەیەک کە لە ساڵی 1985 لە کەنیسەکانی کۆماری باشوری ئافریقیا دژی رژێمی ئاپارتایدی سپیپێستەکان دەرچووە، بەراوردبکەین و بەدوای هەڵوێزنی سەرەداوی دەرسوپەندی سیاسی –قانونی و کۆمەڵایەتیانەیدا بگەڕێین.

مەبەستمان لهم نووسینە بەراوردکاریە باسکردنی چەند سەرنج و پێشنیازێکە لەو پرسە زۆر گرنگ و وروژێنەرە تا زیاتر قسەی لەسەر بکرێ، بەڵکو دواتر ئەو پێشنیازە وەک دەرەنجامێکی نووسینەکە جێی خۆی بگرێ.

جارێ لەپێشەوە لایەنە خوازراوە دینیەکە، کە ڕژێم وەک پەردەپۆشیکی ڕەوایەتی بەکاریهێنا، باسدەکەم؛ ئەنجا دەچمە سەر باسکردنی بەڵگەمانە ناودارەکەی (کایرۆس) و لایەنە بەراوردکاریەکە و پاشان دەرەنجام.

هەر هەشت شالاوە دوژمنکارییەکان بە ناوی ئەنفالەوە بوون. لە دیرۆکی داپڵۆسێنەر و سەرکوتکەرانی سوپای عێراقیشدا، ئەوە ببووە نەریتێک کەوا هەر کارێکی لەم چەشنەدا ئەنجامدرابێ، هەوڵیانداوە بیخەنە ژێر پەردەیەکی ئایینی بەتایبەتی ناوێک لە ناوە کۆنباوە پیرۆزئاساکانیان بۆ بدۆزنەوە. ناوی دینیی زیاتر لە شەڕی عێڕاق –ئێراندا ڕەنگیدایەوە، هەردوو لای شەڕکەر درێخیان لە بەکارهێنانی ئەو ناوانە و هێماکانیان نەکردەوە.

لێ گەلۆ، مرازی شەڕەکانی سوپای عیراق دژی خەڵکی کوردستان بەو بەربڵاویە و لەژێر ناوی ئاماژەبۆکراودا، مەبەست هەر پەردەپۆشکردنی ئەو تاوانە بوو لەژێر گریمانەی ڕژێم لە گەڕانەوە بۆ ڕەوایەتی کۆنی ئەنفال.

ئەنفال یەکەمین ئایەتی هەشتەم سورەتی قورئانە کە دەقەکەی بەم جۆرەیە: " یسئلونک عن الانفال قل؛ الانفال لله والرسول فاتقوا الله اصلحوا ذات بینکم واطیعوا الله وروسوله ان کنتم موءمنین."

ئەوسا لێرەدا مەبەست لە وشەی ئەنفال وەک مامۆستا هەژار لە تەفسیری قورئاندا دەڵیت "دەسکەوتی جەنگ" بێ لەبن ڕێسای سەر بۆ من و ماڵ بۆ تۆ، جێگەی باسی ئێمە لەو نوسینەدا نییە، بەڵکو لێرەدا مەبەست لە ناولێنانەکەی حکومەتی بەعس بوو بۆ ڕەوایەتیپێیدان، بۆ گەڕانەوە بۆ سەروەرییەکی کۆنینە!

خاڵێکی دیکە کە لایەنە دینییەکە زەقتر دەکاتەوە، ئەویش هەر بە مەبستی ڕەوایەتی و جۆشدانەوە دێت، ناوی بەش و هۆبەکانی سوپا بوو بە ناوی سەرکردە و فەرماندە عەرەبییە ئیسلامییەکانی پێشین. سوپای عێڕاق هەر لەکاتی دروستبوونیەوە، لە سەرەتای بەیەکەوە لکاندنی سێ ویلاتەکە و دامەزراندنی شانشینی هاشمییەوە تا ئێستا؛ هەروەها ناوی ئۆپەراسیۆنەکانیشیان بەهەمان ئاقاردا ڕۆیشتوە. ئیدی قۆشەنەکانی هێزە چەکدارەکانی عێڕاقی سەرتاپای تاوانەکانی ئەنفال و غەیرە ئەنفالیان لەبن دروشمی ناوی ئەو سەرکردە و ناوە دیارانەی مێژووی عەرەب و ئیسلام ئەنجامداوە، کە کاتی خۆی ئەو ناوچانانەیان داگیرکردووە و دینەکیان بڵاوکردۆتەوە. ئەوەش

ڕەنگبێ بێجگە لەو ڕاڤەیەی گەڕان بە دوای ڕەوایەتی واتای دیکەش بداتەدەست، ئەویش واتای هاتنەوەیە؛ وەک بگوترێ "وا دیسان هاتینەوە".

ئەو هۆکارەی لایەنە پاردۆکسە (دژیەکەکە) قوڵتردەکاتەوە ناسنامەی دینیی قوربانییەکانی تاوانەکانی ئەنفالە، چونکە هەر هەموویان ئیسلام بوون، لەو ئیسلامانەش کە کاتی خۆی باپیرانیان بەدەستی ئەو ناوە دیارانەی تیپەکانی سوپای عێراقیان لێ بووە. لەو تاوانانەدا خودی لایەنە ئیسلامییە کوردییەکە لە مزگەوت و قورئان و مەلاکان نەبواردراوە.

لەبەرانبەر ناوی ئەو تاوانانە ڕەنگە دەنگی وا لە ڕابردوو و ئێستاشدا هەبێ بڵێ نابێ ناوی ئەنفال لەو تاوانانە بنرێ چونکە ئەوە ئەنفال نەبووە، پێناسە و توخمەکانی کردەی ئەنفال (بە ڕوانگەی خۆی) بەسەردا جێبەجێنابێ، پێداگرتنیشیان لەسەر ئەم بۆچوونە هەم دیسان بۆ لایەنی دینی دەگەڕێتەوە ئەویش لە پەرۆشیان بۆ بەدبەکارهێنانی چەمکی ئەنفال. ئەم ڕوانینە لەبەر بەفەرمی ناونانی رژێم، بێ بنەما دەمێنیتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی ئەوەی پێی دەگوترێ "رد الاعتبار" هەر بێ ناوەڕۆک دەمێنێتەوە.

بەڵام ئاخۆ چۆن دەکرێ کورد لەسۆنگەی دادگا یان باشتر بڵێم دەرچەی کۆتایی بڕیاری دادگا هەوڵ بۆ پرسی لێبوردن و ئەوەی پێی دەگوترێ "رد الاعتبار" بداتەوە یان ئایا دادگایەکی سزادان دەرەقەتی ئەو پرسە گەورە و ئاڵۆز و فرەڕەهەندە دێت؟ بەشێوەیەک ئەم ڕەوایەتیەی کاتی خۆی ڕژێم دەیەویست بە خراپ بۆ خۆی بەکاریبێنێ و پێچەوانەببێتەوە، ئەم جارەیان کورد لەبەردەم جیهان، بەتایبەتیش جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ ڕاستەڕێبوونی ڕەوایەتی وەک مافێکی مرۆیی و ئیسلامیانە بەکاربێنێ. چونکە لەو بارەدا دەرچەکە بە قازانجی هەمەلایەنەی پرسی نەتەوایەتیمان دەشکێتەوە.

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەو بۆچونە، دەچمە سەر لایەنە بەراوردکاری دۆکیۆمەنتی (کایرۆس) و پێواژۆی سەرهەڕڵدانو کاریگەریەکەی، بەڵام بە کورتی، چونکە باسکردن و تێگەیشتینی تەواو لە دۆکیۆمەنتی ناوبراو باسی درێژتری دەوێ.

کایرۆس لە سەردەمی هەڕەتی رژێمی ئەپارتایدی باشوری ئافریقا بڵاوکرایەوە.

ڕژێمی ئەپارتهاید بە فەرمی ئەو ڕژێمە بوو، کە لە ئەفریقا لە 1948 تا 1990 لەسەرکار بوو. ئەپارتاید Apartheid وشەیەکی زمانی هۆڵەندی و باشوری ئەفریقایە، واتای جیاکردنەوە

دەگەیەنێ. مەبەستی ڕژێمەکەش جیاکردنەوەی ڕەگەزی بوو، واتە سپیپێست و ڕەشپێستەکان لەیەک ئایربکاتەوە. بۆیەش بەرژێمی ئەپارتاید (جیاکردنەوە) ناویدەرکرد. ئەو ڕژێمە دە قانوننامەی بۆ بەرجەستەکردنی چەسپاندی جیاکردنەوەی دەرکرد، تا سپیپێستە کەمینەکان بەسەر زۆرینەی ڕەشپێستەکان دەسەڵاتدار بن. بەگوێرەی قانونەکان هەردوولا لەیەکجیاکرابوونەوە تا لە گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون و پاسی هاتوچۆ و فەرمانگەکان و چێشتخانە و هتد… بەم جۆرە ڕەشپێستەکان وەک هاوڵاتی پلەدوو بەرەو خوارتریش سەیردەکران. بەکورتی لەبەرانبەر ئەو چەوساندنەوە ڕەگەزپەرستانەیەدا ڕەشپێستەکانیش سەرسەختانە بەرگریانکرد.

ئەوەی لێرەدا گرنگ و سەرنجڕاکێشە، بۆ بەراورد لەگەڵ تاوانەکانی ئەنفالدا دێتەوە لایەنە دینیەکەیە. سپیپێستەکان بۆ ڕەوایەتیدان بە ڕژێمەکەیان و چەوساندنەوەیان پەنایان بۆ هەموو شتێک دەبرد لەوانەش کڵێسا؛ لە کڵێساشدا هی سپیپێستەکان. ئەم کارەیان زۆر درێژەی کێشا، لەگەڵ درێژەپیدانی چەوساندنەوەکە هەر کڵێسا، بەڵام ئەمجارەیان کڵێسای ڕەشپێستەکان چیدیکەی ئەو زۆریەی بەناوی دین پێ قبووڵنەکرا.

بەڵگەنامەی (کایرۆس) بەڵگەنامەیەکی دینییانە بوو، بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەغزا سیاسیەکانی ڕژێمێک کە دەیەویست لەپاڵ ژێرخانەکەی سەرخانی هزری و لێکدانەوە کۆمەڵایەتیەکانیش نەوەک هەر بۆ پاکانە و ڕەوایەتیدان بە ڕەفتارەکانی بەدبەکاربهێنێ، بەڵکو بە هۆیەوە درێژە بە کردەوە دژەمرۆییەکانی بدا. تا ماوەیەکی زۆریش زەبروزەنگ و تۆقاندنەکەی بۆ چووەسەر، بەڵام دوایی کە ڕووخا، سیستمەکە بەتەواوی هەڵگەڕایەوە، هەموو سەرخانەکەشی لەگەڵدا نەوەک هەر کەوتە ژێر پرسیارێکی گەورە بەڵکو بەشێوەیەکی نوێ، کە بگونجێ لەگەڵ ڕەوشی ڕەوایەتیە ڕاستەقینەکەدا نۆژەنکرایەوە. ئیدی ئەمە بووە دەرەتانێک بۆ لەخۆگرتنی هەردوولای هاوکێشەکە و هەوڵدانێکی سەنگینیش بۆ تیمارکردنی زامە بەسوێکانی خۆیان، ڕۆژی ئەمڕۆشمان سەلمێنەری سەرگرتنی بەرنامە دادپەروەرییەکەیانە.

(کایرۆس) لە دەستە قەشە و ئۆلدارەکانی باشوری ئەفریقا لە ١٩٨٥ەوە سەری هەڵدا، ئەمەش بە دەربڕینێکی گشتگری جیهانبینی زۆر سادە دەستیپێکرد، بەوەی کە پێداگیریەک بوو لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان مرۆڤەکان بە جیاوزی ڕەنگی پێست و تا دوایی… بەوەی ئەو کەشیش و قەشانە بەدەم ستەمکارە سپیپێستەکان بڵێن ئێوە هیچ مافێکتان نییە تا دین و خوا لە پرسی چەوساندنەوەکە جیاکاریەکەتان تێوەبگلێنن، پرسی دین و خوا هەر هی ئێوە نییە بەڵکو هی

هەمووانە. ئیدی لەوێوە ئەو بزووتنەوەیە بەرفرەوان بوو، سەرەتا لەو دەستە بڕوادارەی ڕەشپێستانی باشوری ئەفریقا، دواتر بازنەی بەرفرەوانی خۆی بۆ تەواوی کیشوەرە ئەسمەرەکە و جیهان گرتەوە، لە ڕەشپێستەوە بۆ گەنمڕەنگ و سپی پێست، و لە دینەوە بۆ مرۆڤدۆستی. لە کۆیلەتی و چەوساندنەوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی... ئەوە بووە تەکانێکی بەگوڕ، زەمینەخۆشکەرێکی لەبار بۆ بزووتنەوەی یەکسانخوازی ڕەشپێستەکانی ئەفریقا، تا کار گەیشتە سەر ئازادکردنی زیندانییەکی وەک «ماندێلا»، کە نزیکەی سێ دەیەی ژیانی خۆی لەزیاندا بوو، پاشان ڕەوشەکە وەها وەرچەرخا، کە هەر خۆی بووە سەرۆکی هەڵبژێردراو، ئەوسا هەموو بەدبەکارهێنان و قۆستنەوەیەکی ئایینانە بۆ مەبەستی سیاسی بەرتەسکی چەوساندنەوە، تێهەڵدرا و ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتی ئاشکراکران

بەڵگەنامەیەکی کورتی یانزە هەزار وشەیی بە (١٥٠) واژۆوە، بووە دەستورێک و ڕوانگەی مرۆڤایەتی سەبارەت بە جیاوازگەریی بە تەواوی گۆڕی.

بەڵگەنامەی کایرۆس بەڵگەنامەیەکی نووسراوی دینی بوو، سێ تەوەرەی لە ڕوانگەی ئاینی کریستیانی لێکدا بووەوە.

"کات پێگەیشت. ساتی ڕاستی هات. باشوری ئەفریقا توشی ئاستەنگێک بوە مانگەکانی داهاتوش خراپتر دەبێ. کایرۆس ساتی ڕاستەقینە هەر بەتەنها بۆ ڕژێمی ئەپارتاید نییە، بەڵکو بۆ کڵێساشە. ئێمە وەک کۆمەڵێک تیۆلۆگ هەوڵدەدەین بە گەڕانەوە بۆ مێژوومان لە واتای تیۆلۆگی بگەین. بارودۆخ زۆ خراپ و زۆر دژوارە. بۆ زۆر لە کریستیانە ئافریکاییەکان کایرۆس دەرفەتێکی لەبارە تا خوا داڕسانی (ئاڵنگاری) بڕیاری سەپێنراو بکات. هەنوکە بارەکە زۆر دژوارە چونکە گەر ئەو دەرفەتە لەدەستبچێ و بارودۆخەکە هەروا درێژەی هەبێ، ئەوا واتای لەدەستدان و دۆڕانی کڵێسە بۆ کریستیانەکان و هەموو ئاکنجیانی باشوری ئەفریقیا لە مەحەکدایە. عیسا بۆ ئۆرشەلیم گریا. ئەو بۆ مەرگەساتی ڕووخانی شار و کوشتارگەی خەڵک دەگریا، کە لەپێش بوو". ئهم چەند رستانە دەستپیکی بەڵگەنامەکە بوون.

ئەوان لە بەڵگەنامەکەدا بەدرێژی باسی ئەوە دەکەن، کە خوا و مەسیح هەر هی سپیپێستان نەبوون و نین، بەڵکو هی پێسترەش و بۆرە و هەموو مرۆڤایەتین، مەسیح لەپێناو ڕاستی و ئازادی و دادپەری بووە قوربانی. ئەوان لە سێ تەوەرە سەرەکییەکەی بەڵگەنامەکەیان لایەنی دینیان دابەش

کردبووە سەر سێ بەش، **لایەنی تیلۆگی دەوڵەت**، کە بەتەواوی ڕەتیانکردەوە، چونکە دەوڵەت دینی وەک سایە بۆ چەوساندنەوە و خۆدزینەوە لە سزا و بەرپرسینەوە بەکاردەهێنا، **دووەمیش** لایەنی تیۆلۆگی کڵێسا، بەتایبەتیش کڵێسای سپیپێستەکان کە هەڵوێستێکی میانڕەوانەیان هەبوو، داوایاندەکرد ئاشتبوونەوە ببێ و گوێ لە هەموو لایەک بگیرێ، ئەوەش لەسەر حیسابی مافی ڕەوای ڕەشپیستەکان، بۆیە ئەو هەڵوێستەشیان ڕەتکردەوە، **لایەنی سێیەم** کە داخوازی بوون، تیلۆگی دینی وەک خۆی کە مەسیح داوای کردبوو، کە هەردو لایەنی پێشوو دەوڵەت و کڵێسای دەوڵەت فەرامۆشیانکردبوو.

بەم دۆکیۆمەنتە نەک هەر ڕژێمی ئەپارتاید ڕیسوا بوو بەڵکو لەگەڵیدا پیاوانی دینی و کەنیسەکانی سەر بە دەوڵەت و هەمو پیاوێکی ئاینی کە پاڵپشتیدەکرد ڕیسوابوون، ئەنجامەکەشی لە ماوەیەکی کەمدا دەرکەوت.

لێرەوە بێینەوە سەر کرۆکی باسەکەمان، ئایا مەبەست لەو بەراوردکردنە چییە؟

ئاشکرایە ڕژێمی پێشو تاوانەکانی لەژێر ناوی ئەنفال کردوە. تاوانەکەش لە جیهانی ئیسلامیدا کاردانەوەیەکی نەرێیانەی نەدایەوە، بۆیە هەقە کۆنفرانسێکی ئیسلامی بە داخوازی مەلا و پیاوە ئاینیەکانی کوردستان ببەسترێ، تێیدا هەڵوێستی ئیسلام، وەک دەسەلات، مزگەوت، مەلا، هزرمەندە ئیسلامییەکان بە ڕوونی و راشکاوی دیاربکرێ، پاشان هەوڵبدرێ ئەو بەڵگەنامەیە ڕەزامەندی هاوشانەکانیان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر وەربگیرێ و وەڵامی کۆمەڵێ پرس بدرێتەوە لەوانە:

ئایا ئەنفالکراوەکان موسڵمان بوون؟

ئایا خودی شاڵاوەکانی ئەنفال تاوان بوون؟

ئایا پێهەڵسێنەران موسڵمان بوون؟

ئایا ڕەوا بووە؟

ئایا قوربانیان مافی "رد الاعتبار"یان نییە؟

ئەو ئایانە و چەندان ئایای دیکە وەڵامبدرێنەوە...

پرۆژەیەکی لەو جۆرە نەخاسمە کە دادگا دەرەقەتی چارەسەری ڕەهەندە زۆروزەوەندەکانی تاوانەکە نەهاتووە، تەکانێکی زۆر ئەرێنی هەمەلایەنەی سیاسی، قانونی، ئابوری، کۆمەڵایەتی کارانگاز دەداتە بەر ڕەوتی مافی ئەنفالکراوەکان و کەسوکار و زێد و نەتەوەکەشیان.

ئەگەر ئەم سەرنجەی سەروو بار و ڕەهەندی دەرەکی و هەرێمی تاوانی ئەنفال بگرێتەوە، مەبەستم لایەنە عێراقیەکەیەتی، کە بکەری ڕاستەوخۆ بوو، بەڵام خۆ دەبێ هەروەک لە بەشی پشتریش هەندێ پێشتریش تیشکی خراوەتەسەر، لایەنی نێوخۆییش باسبکرێ و بەشداربووانی تاوانەکە هەروا وەک بەرزەکی بانان لێیدەرنەچن.

ئەوە ئاشکرایە بەگوێرەی قانون هیچ کەس بەتاوانبار دانانرێ تا دادگا ساخی نەکاتەوە کە تاوانبارە و حوکمی بەسەردا نەدا. ئەمە سەرەتایترین بنەمای دادوەرییە. ئەوەی دەربارەی دۆزی ئەنفال بەتایبەتیش تێوەگلاوانی نێوخۆیە، تا ئێستا نەک هەر نەچوونەتە دادگا بەڵکو ژمارە و شوێنیشیان دەقاودەق دیارنییە چ جای حوکمی دادگا. ئەوانە تائێستا لەبەردەم ڕای خەڵک تاوانبارن نەوەک دادگا؛ هەروەها لەبەردەم ویژدانی خۆشیان (ئەگەر ویژدانیان نوزەی تێدا مابێ).

سەبارەت بە کێشەی هاوشێوە و نزیک لە ئەنفال، لە جیهانی هاوچەرخماندا ڕووداوگەل هەبوون. ئەوان هەندێ جار ڕێوشوێنی لۆژیکیانەیان گرتۆتەبەر و چارەسەریشیان کردووە. بۆ نموونە ئەو جۆرە کێشانە لەجیهاندا بەپێی دەڵەتان تا هەنووکە ٢٢ کێسی و لەو جۆرە هەبوون، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەسەر ئاستی باڵا، بەڵام زیاتر سیاسی و کۆمەڵایەتییانە (تا ئەندازەیەکی زۆریش تێهەڵکێشی قانونی) بەمەبەستی گەیشتنە دەرەنجامی دادوەرییەکی گشتی (نەتەوەیی) نەوەک تەنها تایبەتی، ٢٢ لیژنە بەناوی جیاجیا پێکهاتوون. کاری ئەو لیژنانە زیاتر چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێفەڕات(کارەسات) و قەیرانە نەتەوەییانە بوون کە هەندێکیشیان زادەی قەیرانی شەڕی ناوخۆ بوون.

من دەمەوێ لێرەدا تەنها ئاماژە بە یەک وڵات و دەرەنجامی یەک لیژنە بکەم، کە دەکرێ بەرچاومان ڕۆشنبکاتەوە، ئەویش دیسان گەڕانەوەیە بۆ ئەزموونێکی بەهاداری کۆماری باشووری ئەفریقایە کە بە "لیژنەی ڕاستی و ئاشتبوونەوە" ناسراوە.

دوای سەرکەوتنی ڕەشپێستەکان و ئازادکرانی نیلسۆن ماندێلا و هەڵبژارنی دیموکراسییانە؛ بۆ لەگۆڕنانی تراژیدیای ڕژێمی ئەپارتاید (جیاکردنەوەی ڕەگەزی) کۆمسیۆنێکیان دروستکرد؛ مەرجی سزا و لێبوردن لە تاوانبارانیان پەیوەندیدارکرد بە دانان و باسکردنی ڕاستیەکان وەک خۆی و

تۆبەکردن؛ ئەمەش لە سەرێکەوە بۆ ئەوەی مافخوراوان و گەل لە گۆشە تاریکەکان بێ ئاگا نەبن، دووهەمیش بۆ ئەوەی بەڵگەنامەکە بێتە بەڵگەنامەیەکی نەتەوەیی و جارێکی دیکە ئەو جۆرە خۆفرۆشتن و تاوانانە ئەنجامنەدرێنەوە.

تۆ بڵێی هەوڵدان بۆ دروستکردنی لیژنەیەکی تایبەتمەندی ئاوا بۆ پرسی ئەنفال سودمەند نەبێ؟

سوود لەم سەرچاوانە بینراوە:


1- William A. Scabas, Genocide in International Law, the crime of crimes, Cambridge 2009.

2- Samantha Power, A problem from Hell, America and the age of .Genocide, Perennial 2003

3- Bryan R. Gibson, Sold out? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War, Palgrave Macmillan 2015.

4- International Criminal Court, William A. Schabas, Cambridge 2001.

5- The sun climbs slow, Erna Paris, New York 2009.

6 - دەقی دەستوری ڕۆما بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بە ڕێسا هاوپێچییەکانیشەوە.

7-دەقی پەیمانامەی ڕێگرتن و سزادانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨.

8- William A .Achabas, An Introduction to the International Criminal Court, Second Edition, 2004.

9- Raphael Lemkin's Draft Convetion on Ginocide : http://www.armeniansgenocide.am/images/menus/1756/Raphael_Lemkin%E2%80%99s_Draft_Convention_on_Genocide.pdf

10- Mr.N.Jorg & Prof.mr .C.Kelk, Strarecht met mate Amstredam چاپی دەیەم 1998

11- Het uur van de waarheid, het Kairos document van Zuidafrikanse christenen. Ten Have, Baarn 1986.